*بۆ پێشەوە مینبەرێکی راستگۆ و سازش هەڵنەگرە....................لاپەڕە 2
* بۆچی هاوڵاتیەکی بەریتانی دەبێتە تیرۆریست؟....................لاپەرە 3
* کاریزماکانی کوردایەتی..........................................لاپەڕە 3
*دەنگۆی خۆ ناو نووسکردنی خەڵکی کوردستان لەحەشدی شەعبیدا.....لاپەڕە 4
* سەکۆی ئازاد، گۆشەیەکی تایبەتە..............................لاپەرە 4
* تەوەرەی تایبەت بە پرسی ژن ..................................لاپەرە 5



# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە ( 1 )  1/4/2017 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزمی کورد، چاکسازی هەڵناگرێت، دەبێ بە شۆڕشی جەماوەری، کۆتایی پێبهێنرێت!

## ووتەی ژمارە

دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، دەسەڵاتێکی مافیایی و تاڵانچی و کۆنەپەرست و سەرکوتگەرو خۆشخزمەت و پاشکۆیە. دەسەڵاتێکە لەرێگای سەرکوت و هێزی چەکدارو خۆبەستنەوەی بە قوتبە ناوچەیەکانەوە، راوەستاوە. زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە ئەم دەسەڵاتە، بەزۆری چەک فەرمانرەوایی کوردستان دەکات... کارنامەی ئەم دەسەڵاتە، هەمان کارنامەی رژێمە دیکتاتۆرو ستەمگەرو کۆنەپەرستەکانە. دەسەڵاتێکە بەمانای وشە لەدژی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و نەداری کوردستان و هەموو هەوڵ و رەوتێکی پێشکەوتنخوازییە... دژی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکانە، دژە ژن و دژە پێشکەوتنە، دژی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستانە، نەک هەر هەڵگری بەکردەوەی هیچ رێگاچارەیەکی کارساز نییە، بۆ ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان، بەڵکو خۆی کۆسپێکی سەرەکی بەردەم هەر هەنگاو و رێگاچارەیەکی ئینسانی و کارسازە بۆ چارەسەری ئایندەی سیاسی کوردستان. مافی ژیان بە هاوڵاتیانی نەک رەوانابینێ، بەڵکو لەسەر سەندنەوەی ژیان و گوزەران لە دانیشتوانی، گەورەترین داهێنانی تاڵانچێتی هێناوەتە ئاراوە" پاشەکەوتی موچە". لە پەیوەند بە پەیوەندی بە عێراقەوە، لە ژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا، کوردستان و خەڵکەکەی لەبەردەم هەڕەشەی بەردەوام و بەیەکدادانی چەکدارییدا لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا، راگرتووە... لە پەیوەند بە وڵاتانی ناوچەکەوە دابەشی سەر هەردوو قوتبی ئێرانی و تورکی بووە. دەسترۆشتووی ئێران و تورکیا لە کورستاندا، زیاترە لە بڕیاری خودی خۆیان... هیچ هەنگاوێکی جدی و کاریگەر لەهیچ زەمینەیەکی سیاسی و ئابورییدا، بە بێ دەستێوەردان و بڕیاری ئێران و تورکیا لە زونی سەوزو زەردا، نانرێت. هەموو داهاتی کوردستان و هەموو جومگە بنەرەتیەکانی حکومرانی پاوانی دوو دەسەڵاتی زەردو سەوزو لەناویشیدا، دەسەڵاتی دوو بنەماڵەیە. قڵشتی چینایەتی بە ئەندازەیەکە کە قابیلی بەراورد بەهیچ کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ نییە... لە جغرافیایەکی پڕ سامانی سروشتی وەکو نەوت و غازدا، ئۆردوی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و نەداری کوردستان، رۆژ.... بەرۆژ هەژار ترو بێمافتر و بێکارتر و برسیتر و بێ موچە دەبن، لەبەرامبەردا خێڵی تاڵانچی

بۆ لاپەرە 2

## لە بۆردومانی کوێرانەی فرۆکەکانی ئەمریکادا، بەسەدان کەسی مەدەنی بوونە قوربانی!

لە چوارچێوەی پەلامارو هێرشی هێزە ئاسمانیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانداا بۆسەر شاری موسڵ، ڕۆژی 23 /٣ ، فرۆکە جەنگیەکان گەڕەکی "موسڵ ئەلجەدیدە" و دەوروبەریان کردە ئامانج و لەئاکامی ئەم بۆردومانە کوێرانەیەدا بەجیا لە وێرانکردنی ئەم گەرەکە، نزیکەی 300 هاوڵاتی بوونە قوربانی و ژمارەیەکی تریشی بێسەروشوێن بوون. هەروەها رونگەی عێراقی بۆ مافی مرۆڤ رایگەیاندووە، کە لەسەرەتای هێرش بۆسەر رۆژئاوای شاری موسڵ، ٧٠٠ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون... رادەی ئەم تاوانکارییە بە شوێنێک گەیشتووە، تەنانەت میدیای نۆکەر ئەوەی بۆ ناشاردرێتەوە کە هەر ئێستا لاشەی سەدان هاوڵاتی سیڤیڵ لە ناو کۆڵان و شەقامەکاندا کەوتوون و لاشەکانیان بۆگەنی کردوە و تەنانەت دەرفەتی ناشتنیان نییە و بووەتە هۆی تێکدانی باری دەرونی باقی دانیشتوان کە تا ئێستا بە زیندوێتی ماونەتەوە. لەو بارەیەوە



حزبی کۆمۆنیسی کرێکاریی کوردستان بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی **لەدژی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شاری موسڵ، دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن!** دەرکردووە... لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە:لەوەتەی شەڕی بەناو "ئازادکردنی موسڵ" دەستی پێکردوە، هەزاران هاوڵاتی مەدەنی لەناو شارەکەو دەروبەری لەنێوان ئاگری ئەو شەڕەدا ژیانیان لەدەستداوە. دەیان هەزار بریندارو سەدان هەزاریش ئاوارەبوون. هەروەها برسێتی و نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە هەڕەشە لەژیانیان دەکات. رزگاربوون لەدەستی جەنگ بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی موسڵ بوەتە مەحال کەیان لەکاتی هەڵهاتندا بە چەکی داعش

بۆ لاپەرە 2

## ڕۆیاڵ بانکی سکۆتلەندا ٤٧٠ لە کرێکارو کارمەندەکانی بێکار دەکات!

بەپێی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ٢٤ی مارسی ٢٠١٧ رۆیال بانکی سکۆتلەندا ١٥٨ بەشی بانقەکانی دادەخات بەمەش نزیکەی ٤٧٠ لە کرێکارەکانی ئەو بانقانە بێکاردەکرێن. هۆکاری سەرەکی ئەم بڕیاری دەرکردنی کرێکار وکارمەندانی بانقەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی مامەڵە بازرگانیەکان و کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕ وگواستنەوەی پارەوپوولی کڕیارەکانی (مشتەریەکانی) بانقەکان کەبەڕێژەی لەسەدا ٤٣ کەمی کردووە، لەناو بانقەکاندا لەساڵی ٢٠١٠ وە ، لەکاتێکدا ئەم ئاڵوگۆڕانە بەڕێژەی لەسەدا ٤٠٠ زیادی کردووە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە (واتە ئۆن لاین) . بانکی ئاڕ بی ئێس ڕایگەیاند کەبەم هۆیە زیانی ٧ بلیۆن پاوەندی لێکەوتووە. ئەم داخستنی فەرعی بانقانە لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا ڕوودەدەن. بەمەش سەرمایەداران هەروەک هەمیشە پەنادەبەنە بەر بێکارکردن و دەرکردنی کرێکاران لەکاتی قەیرانەکانیاندا.

**سالار سەعید/ ٢٤/٣/٢٠١٧**

**وەرگیراو لە رۆژنامەی دەیلی میرەرەری بەریتانی یەوە بەدەستکاری یەوە.**




## لەگەڵ هاتنە ئارای کەشی جەنگی نێوان پارتی و پەکەکە، کاردانەوەی جیاجیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت!

لەگەڵ هاتنە ئارای بارگرژی چەکداری لەنێوان پارتی و پەکەکە لە سنوری شەنگال و خانەسور، ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرو هەڵسوراوی سیاسی لەناوخۆی کوردستاندا، کەمپەینێکیان وەرێخستووە و لە بەیاننامەکەدا کە وێنەیەکی بۆ ئێمە نێردراوە، هاتووە" ئێمە وەکو کۆمەڵێک لە( ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، چالاکوانی مەدەنی، رۆژنامەنووس، خەڵکی بێچەک) بۆ نیشاندانی پەرۆشی خۆمان بەرامبەر بەژیانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان، بە پێویستمان زانی بانگەوازی خۆمان لەرێگەی ئەم یاداشتننامەیە بەگوێی ئێوەو سەرجەم ئاشتیخوازان و مرۆڤدۆستانی بەناو ئەم وڵاتە رابگەیەنیین وهاواری راگرتن و رێگرتن لەنانەوەی پشیوی و دوبەرەکی و شەری ئینسان کوژی بەرزدەکەینەوە بۆ ئاستێک، رایدەگەیەنین کە ئێوە ئەگەر کەمێک هەستی مرۆڤ دۆستیتان هەبێت غیرەت ناکەن شەرێکی تر بخەنە سەر خەرمانەی شەرو ماڵوێرانیەکانی

بۆلاپەرە 9



## ئای ئێف ئێس: کرێکاران تا ١٥ ساڵی داهاتوو موچەو حەق دەستەکانیان زیاد ناکات...

پەیمانگای توێژینەوەی دارایی هۆشداری دەدات کە ملیۆنەها کرێکار تووشی گرفت و مەینەتی دەبن بەزیاد نەبوونی هەقدەست ومووچەکانایین بۆ ماوەی ١٥ ساڵ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی خراپی ئابوری و گەشەنەسەندنی خێرای ئابوری. شارەزایانی توێژینەوەی دارایی وێنەیەکی تەڵخ و خەمۆکی ڕەوشی ئابووری زۆرینەی خەڵکیان کێشاوە، ئەمە لەکاتێکدا ووڵات بەرەو بریگزت (واتە چوونە دەرەوە لە یەکیەتی ئەوروپا) دەچێت.

دوابەدوای ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی پار کە دەنگ درا بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا بچێتە دەرەوە، ئابووری بەریتانیا بەرەنگاری کۆمەڵێک هۆشداری و وریاکردنەوەی تەڵخ و ناخۆش بۆتەوە. گەشەسەندنی ئابوری بە ڕێژەی لەسەدا ٠,٧ ئەژمارکراوە لە چارەکی دوایینی سالی ٢٠١٦ دا.

سەرۆکی (ئای ئێف ئێس) پۆڵ جۆنسن دەڵێ: بەپێ ی پێش بینی یەکانی تا ئێستا ئەنجام دراوە لەساڵی ٢٠٢٢ دا مووچە وهەقدەستی کرێکاران هیچ...

بۆ لاپەرە 2

### خەڵکی کەرکوک لە ناو بەرداشی شەڕە ئاڵا و کێشەی قەومیدا...

لەنووسینی ڕێبوار ئەحمەد لە لاپەرە ٣ دا بخوێننەوە

### گۆشەی لەگەڵ NRT

لەنووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەلاپەرە ٧ دا، بخوێننەوە

# بۆ پێشەوە مینبەرێکی ڕاستگۆ و سازش هەڵنەگر، لە پێناو دنیایەکی باشتردا !

بۆپێشەوە، وەکو بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆسیالیستی، هەر ١٥ رۆژ جارێک بڵاو دەبێتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەراستای ئامادەکردنی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆرهێنان بەسەر ئەم دنیا سەروخوارەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلدا، ...دێتە مەیدان

بۆپێشەوە بە وێنەی مینبەری رابەرانی کرێکارانی سۆسیالیست، چەپ و کۆمۆنیستەکان، رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لاوانی هیوا خنکێنراو پڕ ئومێد، زەحمەتکێشان... و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات... دێتە ناو گۆرەپانی میدیایی کۆمەڵگای کوردستانەوە. بۆپێشەوە نەک تەنها وەکو سەکۆیەکی لیبراو سازشهەڵنەگر، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگا بە تایبەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی دەجەنگێت، بەڵکو هاوکات دەچێتە بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نووسەران و میدیای گوێ لەمستیان. وە هەوڵی بێدرێغ دەدات کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەڵاتداری کوردستانە، بەر رەخنە بدات لە جێگایدا روانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و رێگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە روو.

بۆ پیشەوە لەگەڵ ئەوەدا لە کەنار رابەرانی کرێکاری و سوسیالیستیدا، لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی کریکاراندا رادەوەستێت، هاوکاتیش لە راستای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەستەم و چەوساندنەوە و هەڵاوارن و بێمافییدا، پەیگیرانە تێدەکۆشیت

چینی کرێکار و بەرەی یەکسانیخوازی و بەرابەریخوازی و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی کوردستان، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانپێویستی بە بەرامبەرکیی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی سیستیماتیک و هەمەلایەنەی بۆرژوازی و بزووتنەوە هەمەرەنگەکانی بۆ سەرچینی کرێکار و خەڵکی نەدارو رەوایەتی بەخشین بەسیستەمی چەوسێنەرانەی سەمایەداری... بۆپیشەوە چ بە وێنەی بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بەمەبەستی وەڵامدانەوە بەراگەیاندنی فریوکارانەو پیشەسازی فکر و چ بە مەبەستی ئاسۆدارکردنی خەبات و نارەزایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشەکەوتوانەکان، بە ئاسۆی رزگاری بەخشی کۆمۆنیستیەوە، دێتە مەیدان. بۆپێشەوە هەوڵدەدات لە هەمان کاتدا ئامرازێکی سازدەری چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بێت، کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی رەوتی رێکخراوبوونی جەماوەری ئەم چینە و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاران و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست.

بۆ پیشەوە، بەجیا لەوەی دەبێتە سەکۆیەکی راستگۆ و دەنگێکی بوێری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە رزگاری بەخش و ئینسانیەکان، هاوکات سەکۆیەکی راستەقینەی بەیانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانە، بەدژی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوازی کوردی و حزب و هێزو رەوتەکانیدا. دەنگێک دەبێت بۆ بەرگری لەخواست و مافەکانی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی، وەک و کرێکاران و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

بۆپێشەوە، سەکۆو دەنگێکی سازش هەڵنەگرە، بەرامبەر بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کەلتوری کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و ناموس پەرستی...

بۆپێشەوە، پەرەدان بە بیروباوەری مارکسیستی و کۆمۆنیستی، وەکو رەخنەی لیبراو سازشهەلنەگر لە نیزامی سەرمایەداری و گشت و ستەم و نابەرابەریەکانی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت...

بێگومان دەرچوونی بڵاوکراوەیەکی وەکو بۆپیشەوە، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆرژوازی و حزب و هێزەکانی بە ناوی جیاجایی حزبی و ناحزبی، سەربەخۆ و سێبەر و ئەهلی، پاوانی سەرجەم میدیای نوسراو بینراو بیستراو، سەرجەم ناوەندەکان و کایەکانی میدیاییان بەهۆی سەرەوت و سامان و دەسەڵاتەکەیانەوە، کردووە، تا ئیدەو بیروباوەری دواکەوتوانەو دژی ئینسانی بڵاوبکەنەوە. تا سەرەوخواربوونی کۆمەڵگا، بشارنەوە. تا لەچوارچیوەی پاراستنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا، بانگەشەی دەسەڵاتی خەڵک و ئازادی و چاکسازی و دیموکراسی و وەهمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مافەفەردی و مەدەنیەکان و ئایندەی سیاسی کورستان لە ژێرِ سایەیاندا، بانگەواز بکەن، وەکو ئاو بۆ تینوەکان و نان بۆ برسیەکان، ماف بۆ بێمافەکانن، ئازادی بۆ سەرکوتکراوەکان، سەربەخۆیی بۆ لکێنراو و داگیرکراوەکان... گرنکی چینایەتی، هەیە.

بۆپیشەوە، بەدژی سات و سەوداو خۆشخزمەتی و خۆگرێدانەوەی حزب و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و رەوتگەلی کۆنەپەرستی ئیسلامی، بە وڵاتانی زلهیزو قوتبە ناوچەییەکانی و هیزە محەلیەکان... رادەوەستێت و ماهیەتی ئەو پاشکۆیەتی و خۆشخزمەتیە بە خەڵکی کوردستان و رای گشتی دەگەیەنێت.

بۆ پێشەوە، وەکو دەنگ و سەکۆی حەقیقەت و ئینسانیەت، بۆ بەرگری لە ماف و حورمەتی ئینسانی، بۆ ئازادی و خۆشبەختی ئینسانەکان بێگوێدانە ناسنامەی دینی و مەزهەبی، قەومی و ئیتنیکی، رەگەزو جنس و رەنگی پیشت... دەنگێکی رەسا دەبێت.

لە چەند دێردا... بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری رۆشنکەرەوەی رەوتی خەباتی رەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانیەکان، رۆڵی خۆ دەگێریت. بۆ ئەوەی بۆپێشەوە لە راستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرک وپەیامە، گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگا هەیە. چاوەروانی سەخاوەتمەندانە لە کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کریکاریی و لە هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەموو ئازادیخوازێکە لە بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەیدا، هاوکار و لەگەڵمان بن...

**بۆپێشەوە**

## درێژەی... وتەی ژمارە

میلیشیایی حزبی و بنەماڵە، لە کۆشکی تەلار دروستکرانی دولاردان... سامانی زیاتر لە ٦ ملیۆن ئینسانیان، لەدەستی خۆیاندا، کۆکردۆتەوە. نەک ئازادی سیاسی، بەڵکو ئەو دۆخە نیمچەکراوەی کۆمەڵگا، کە بەرهەمی قوتبی نەبوونەوەی تاک دەسەڵاتتیە، لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا، بەرەو بەرتەسکتر و بەرتەسکتر دەبرێت... سەرەتایترین و ئازادی و ئازادیەکان، لە مافی رەخنەو توێژینەوەوە، بۆ دەربرینی ئازادانەی بەیان و بیرورا تا دەگاتە مافی رێکخراوبوون و خۆپیشاندان و مانگرتن و لە ژێر ناوی مقەدەساتە دینی و قەومی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کەلتوری و پیرۆزی رەمزە بەزۆر دروستکراو و داسەپاوەکاندا، هەمیشە لە ژیر هەرەشەو سەرکوتدان...

بێمافی ژنان و توندوتیژی لەدژیان، لەسوکایەتی پێکردن و هەرەشەو چاوسورکردنەوە تا لێدان و تیرۆرکردنیان، یان ناچار بە خۆکوژیان، بە ئەندازیەکە لە ئەفغانستانی سەردەمی دەسەڵاتی تاڵیبان دەچێت... بەیاسا فرەژنی رەسمییەتی پێدراوە، بەیاسا ژنان پێشلکاری دین و قورعانیان، بەسەردا جێ بەجێدەکرێت... تاوانبارانی کوشتاری ژنان، بەدەگمەنیش ناکەونە بەردەم.... لێپرسینەوەو سزادانی.... شایستەی یاسایی...

لاوان و خوێندکاران... بەهۆی بێکاری و نەبوونی و بێئایندەییەوە، پۆل پۆل کوردستان جێدەهێڵن... ئەگەر لە دنیادا وڵات جێهێشتن بۆ گەران بێت بەدوای شارەزایی زۆرتر، دەست راگەیشتن بە خوێندن و زانستی باڵاتر، گەران بێت بۆ ژیانی باشترو تەسەل تردا، وەکو خولیایەکی ئینسانی و چاوەروانیەکی باشتر بۆ ژیانکردن... لاوانی کوردستان لەدەست بێ ژیانی، بەدوای ژیاندا وێڵن و دەگەرێن... لەم رێگایەدا، بە هەزارانیان گیانیان لەدەستداوە.

یاسا لە کوردستاندا، تەنها درۆیەکی شاخدارە، بۆ کرێکاران و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش و نەدار کارایە و بە سەدان و هەزارانیان لە زیندان توند دەکرێن، بۆ دزو تاڵانچی و دەوڵەمەندان و بەرپرسە حزبی و حکومی و بنەماڵە دەست رۆشتوەکان، ناکارو پارێزەرە...

سیستەمی حکومداری، سیستەمی میلیشیایی و حزبییە، دوو زونی دیاریکراو هەیە کە هەرکام لەم زونانە دەسەڵاتی ئەم زونە بەرێوەی دەبات کە هێزی چەکدار و پاوانی داهاتی زونەکەی لەبەردەستە... حکومەت و پەرلەمان... هیچ کاتێک دوو دامەرزاوەی دانپیانراو سەربەخۆ نەبوون... دوو دەزگای کارتۆنی رێکەوتنی حزبی روکەشن، بۆ شێواندنی راگشتی و دنیای دەرەوە. کاریگەریان لەسەر هیچ بریارێکی حزبی و دەسەڵاتی بنەماڵە حزبیەکان، نییە. هەر کاتێک پێویست بکات بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێت کارای دەکەن، و کاتێکیش مل بەملەی لەگەڵ حزبی دەسەڵات کرد، دەرگاکەی کلۆم دەدەن... هیچ ئەندام پەرلەمانیک نوێنەری واقعی خەڵک نییە و هەموویان نوێنەری گیرفان و کۆکردنەوەی سەروەتن و شاباشی کویلەیی بۆ حزب وەردەگرن.

وەهەرگیز دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ناکرێت... و هێزی سەرو پەرلەمان و حکومەت!! زۆر زیاترە لەوەی دەنگی خەڵک کەمترین رێزی لێبگیریت. یان بتوانیت بەشداریەکی رەمزیش هەبێت.

ئەم دەسەڵاتە بەم هەموو تایبەتمەندییە شەرمئاوەرەوە، هەرگیز چاکسازی هەڵناگرێت... ئەگەر باسی ڕووبەرووبوونەوەی گەندەڵییە، ئەگەر حکومەت و یاسا هەبێت، سامانی کەڵەکراوی و نەقدی و غەیرە نەقدیان دەبێ دەستی بەسەرا بگیرێت و بەهۆی نایاسایی بوونی کۆکردنەوەی ئەو هەموو سامانەوە، بدرێنە دادگا و زیندانی بکرێن... ئەگەر بریار بێت کەسی شیاو، بخرێتە شوینی شیاو... ئەوا بەرپرسانی حزب و حکومیان نا لایەقی و بێتوانایی خۆیان، بە رۆشنترین شێوە لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا نیشانداوەو، هێشتا خەڵک تامەزرۆی ئاوی پاک و سەرەتاتکێی زۆری کارەبان...و خزامەتگوزارییەکان نەک هەر بەرەو خراپتربوون دەچن، بەڵکو خەریکن ئەو خزمەتگوزارییە گشتیەکانەی کەماون هەرزان فرۆش دەکەن... بۆیە چارەنوسیان دوورخستنەوەو لیپرسینەوەی یاسایی دەبێت. بۆیە دەستبردن بۆ چاکسازی ریشەیی بە کۆتایی دەسەڵاتی خۆیان بەکۆتا دەگات... بۆیە نەک ناتوانن و دەستی بۆ نابەن، هەر کەس و لایەن و دامەزراوەیەکیش بەجدی دەست بۆ ئەم دۆسیەیە بەرێت، چارەنوسی دەکەوێتە مەترسیەوە... تەنانەت چاکسازی زۆر ناچیزو روکەشیش بە خۆشی خۆیان ناکەن ئەگەر نەخرێنە ژێرگوشارەوە. بۆیە ئەم دەسەڵاتە چارەسەر هەڵناگرێت و خەرەند و بۆشاییە یاسایی و ئاسایی و حکومەتداریی و دەوڵەتداری... لەگەڵ ویست و ژیانی گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا، هێندە بەرین و فراوانە، پینە ناکرێت و بەیەک ناگەینرێنەوە...

ئەم دەسەڵاتە دەبێ لە ریشەوە، هەڵتەکێنرێت و لەدەسەڵات بخرێت. هەرچەشنە خۆشباوەرییەک بەوەی ئەم دەسەڵاتە چاکسازی بەرجەستە دەکات، یان دەست بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەبات، یان نەخشە رێگای شایستە بۆ پرسی ئایندەی سیاسی کوردستان دەخاتە دەستورەوە، لە خۆشخەیاڵی زیاتر هیچی تر نییە. پێویستە نەخشەو هەنگاوەکانی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە، قیبلەنومای بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان بێت. دەسەڵات لە کوردستان لە رێگای هەڵبژاردن و پەرلەمان وە... جێگا چۆڵ ناکات و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەوە، لەوەهم زیاتر هیچی ترنییە، پرسیار ئەوەیە هۆکار چییە لە رێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەتوانادا نییە؟ رێگاچارە چییە؟ دەبێ چ بکرێت؟ دەبێ چ گرفتێک وەڵامی پێ بدرێتەوە؟ لە بەشەکانی داهاتوودا، دەچینە وەڵامدانەوە بەهەرکام لە پرسیارانە...

## درێژەی...ئای ئێف ئێس

زیاتر نابێت لە هەقدەستەکانیان کە بوویانە لەساڵی ٢٠٠٧ دا. واتە بەتێپەڕکردنی ١٥ ساڵ مووچە و هەقدەستی کرێکاران لە جێگەی خۆیدا دایە، نەتەنها زیادی نەکردوە و نایکات کەئەمە شتێکی بێ نەزیر وهاوتایە، بەڵکو لەبەرامبەردا نرخی پێداویستی رۆژانەی خەڵک و خزمەتگوزاریەکان وکرێ ی خانوو و شتی تر زۆر زیادی کردوە هەروەک (نیشاندەری بەهای کڕیار) ڕایگەیاند لەم ماوەیەی رابردوودا کە هەڵاوسان بەڕێژەی لەسەدا ٢,٣ کە بۆتەهۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی خۆراک وسووتەمەنی و کرێ خانوو. ستانداری بژیوی ژیان وا خەملێنراوە کە زۆر کەم گەشە بکات لەماوەی سێ یان چوار ساڵی داهاتوودا. زیادنەکردنی موچەو حەقدەستی کرێکاران و کارمەندان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، لەپاڵ بەرزبوونەوەی رۆژبەرۆژی نرخی کاڵاکان و پێداویستی ژیان و گوزەران و بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەروانی بۆ ژیان کردن... نیشانەی هەوسارپچراوی نیزامی دیلیهێنەتی سەرمایەدارییە بۆ چینی کریکارو ئەمەش سەد بەرابەر پێداویستی رێکخراوبوونی چینی کرێکار و پێکهێنانی حزبە کۆمۆنیستەکان دەکاتە، زەرورەت بۆ وەرێخستنی شۆرش و ژێرەو ژوورکردنی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری.

**سالار حمەسەعید**

**رۆژنامەی ئیڤینینگ ستاندارد**

## درێژەی... بردومانی کوێرانەی....

دەکوژرێن یان لەکاتی مانەوەدا لەبرسا یان بەهۆی بۆمبارانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە دەبنە قوربانی!.....

**لەدرێژەی....**

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە: شەڕێک کە لەموسڵدا بەرپاکراوە، شەڕێک نیە لەدژی تیرۆریستانی داعش، بەڵکو شەڕی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی ناوچەکەو تیرۆریزمی ئیسلامی داعشە کە خەڵکی موسڵی تێدا دەکرێتە قوربانی و ئەوان بەنرخی ژیان و ئاوارەیی و ماڵوێرانی بەهای بەرژەوەندیەکانی ئەو هێزو دەوڵەتانە دەدەن. لە کۆتایی بەیاننامەکەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کورستان، وێڕی ئیدانەکردنی ئەم کوشتارە، بانگەوازی خەڵکی موتەمەدین و ئازادیخوازی کوردستان و ناوچەکە و جیهان دەکات کەبەتوندی دەنگی نارەزایەتی بەرامبەر بەم کوشتارە هەڵبڕن و بۆ دەسکۆتاکردنی دەخاڵەتی ملهوڕانەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەمپریالیست لە ناوچەکە بێنە مەیدانەوە...

# "کاریزماکانی" کوردایەتی!

نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد

هەرکات لە فرۆکەخانەی سلێمانیەوە سەفەرتان کرد، دوای خاڵی پشکنین کە پێ دەنێنە ناو هۆڵەکەوە تەماشایەکی دەستی چەپتان بکەن، وێنەیەکی جەلال تاڵەبانی هەڵواسراوە و لە ژێری نوسراوە "بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق"، هەمان وێنە و هەمان ژێرتایتڵ لە دەروازەی شاری کەرکوک بەرەو هەولێر هەڵواسراوە!!

ئەگەر بە پێوانەی سەردەمیانە ئەم پرەنسیپەی کوردایەتی لە مەحەک بدرێت دەبێ چ ناوێکی لێ بنرێت؟! کەسێکی تر بە ناوی فواد مەعسوم بەپێی ئەو شتەی پێی دەڵێن قانوون و شەرعیەت!!، خەریکە خولەکەی خۆی وەکو سەرۆک کۆماری عێراق تەواو دەکات، بەڵام نە خۆی و نە هیچ کەسێکی تر جەسارەتی ئەوەیان نییە بڵێن؛ ئەرێ بابە مام جەلال هەرچییەک بێت، ئێستا ئەو سەرۆک کۆمار نییە، ناکرێ کەسێک سەرۆک کۆمار بێت و وێنە و ناوی کەسێکی تر وەکو سەرۆک کۆمار هەڵواسرێت!! مام جەلال لەلایەن حزب و هاوەڵەکانیەوە وەکو ئازادیخوازی نموونەیی بەرجەستە و ستایش دەکرێت، بەڵام هاوڕێ و هاورێبازی نیوسەدەی خۆی جەسارەت ناکات بڵێ ئەگەر وینەکەشی لانابەن لانی کەم تایتڵی ژێرەکەی بگۆڕن ئێستا من سەرۆک کۆمارم!!

دەڵێن هەرکات فواد مەعسومی مەعسوم لە ڕێگای ئەم فرۆکەخانەیەوە هاتوچۆ دەکات و بە بەردەم ئەم ڕەسمەدا تێدەپەڕێت، بە لای چاو بە دزیەوە سەرنجێکی وێنەکە دەدات بزانێ وەکو خۆی ماوە؟! یان کەی نۆرەی هەڵواسینی وێنەکەی ئەو دێت وەکو سەرۆک کۆمار؟ هاوکات نیگەرانی ئەوەیە کە سەرنجەکەی ئاشکرابێت، نەوەک وەکو نیشانەی عەدەم ڕەزایەت لێکبدرێتەوە. مەعسوم خۆیشی جار جار دەگات بەو باوەڕەی کە هێشتا مام جەلال سەرۆک کۆمار و جەنابیان ڕەنگە قایمقامی جێگایەک بن بۆ نمونە کۆیە.!

بانگەشەچیەکانی کوردایەتی بۆ دیموکراسی و تەنانەت سۆسیال-دیموکراسی، ڕێگا بە خۆیان دەدەن کە لۆمەی دیکتاتۆرەکانی جیهان بکەن، ئەوانەی کە دەنوسێن بە کورسیەکانیانەوە و تا کۆتایی تەمەنیان دەستی لێ بەرنادەن. بەڵام هەمان نەریت بۆ سەرۆکەکانی خۆیان بە مایەی شانازی دەزانن. بەم جۆرە لە سەرۆک خێڵ و بنەماڵە و سەرکردە سیاسیەکانیان کاریزما دروست دەکەن و پیرۆزیان دەکەن. بۆ نموونە مام جەلال لەلایەن حزبەکەیەوە هەمیشە وەکو ئازادیخوازی نموونەیی وێنا دەکرێت، بەڵام چەند ساڵ دوای نەمانی لە پۆستەکەی وەکو سەرۆک کۆمار بە شێوەی قانونی و دانرانی کەسێکی تر هەر بە شێوەی قانونی لەو پۆستە، کەس ناتوانێ یان نایانەوێ لانی کەم ئەو تایتڵە لە ژێر وێنەکەی لابەرن کە ئیتر پۆستی ئەو نییە و پۆستی کەسێکی ترە. لە ڕووی یاساییەوە ئەمە بە تەزویر و ساختە دێتە هەژمارکردن.

ئەو کە وەکو سیمبولی دیموکراسی بەرجەستە دەکرێت و بەهۆی باری تەندروستیەوە چەند ساڵە لەمەیدانی سیاسی نەماوە و تەنانەت بە شێوەی سیمبولیکیش ناتوانێ ڕۆڵی سکرتێری گشتی یەکێتی بگیرێت، بەڵام حزبەکەی ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت کە تا مام جەلال لە ژیان بێت کەس حەدی نییە باسی پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی بکات!! ئەوکات دەکرێ مەزەنەی ئەوەش بکرێت کە ئەگەر مام جەلال لەش ساغ و ئەکتیڤ بوایە و بە حزوری ئەو کەسێک خۆی بۆ پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی بەربژێر بکردبا وەکو سەرەتاییترین پرەنسیپی دیموکراسی، دەبوو چارەنوسی چی بێت؟!. بە هەمان شێوە مەسعود بارزانی هاوپەیمانی نوساوە بە کورسی سەرۆکایەتی پارتی و هەرێمەوە، هەزار یاسا بێت و بگۆرێت دەبێ مانەوەی ئەو لەو پۆستە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە و یاسای لەگەڵدا بگونجێنرێت. تەنها مەگەر شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵک لەو پۆستە بیهێنێتە خوارەوە. لە ناوخۆی پارتیشدا باسی لاچونی بارزانی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی حزب یان بەربژێر بوونی کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە، کوفرێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتووە... ئەمانە ئەگەر هەزار ناوی دیموکراسیان لێ بنرێت و سەدان جاریش ئاوی تەبەرۆکی سۆسیال-دیموکراسیان بەسەردا بکرێت، لە ڕاستیدا تەنها نەریتێکی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی و مەزهەبییە.

مام جەلال ڕۆژانە وەکو دەستێکی پاک ستایش دەکرێت و هاوەڵەکانی خۆی بە پێچەوانەی پرەنسیپی سەردەمیانەوە دەڵێن تا کاتێک وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی کاری خۆی ڕادەپەڕاند، پێویست نەبوو هیچ حیساب و کتابێک لە ناو یەکێتیدا بکرێت، دیسانەوە گوایە جگە لەو شوقەیەی کە ماڵی باوکی ئاوابێت لە تورکیا بۆی کڕیوە خاوەنی هیچی تر نییە لە ماڵی دنیادا. کەچی ئێستا دۆناڵد ترەمپ ٣٥ ملیار دۆلاری لە سەروەتەکەی ئەو بلۆک کردووە. بەو پێیە بێت کوڕان و بنەماڵەکەی مافی ئەوەیان نییە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو پارەیە، چونکە پێشتر مام جەلال وتویەتی کە ئەو لە ماڵی دنیادا خاوەنی هیچ نییە و دیارە جنۆکەیەک ئەو پارەیەی بە ناوی ئەوەوە لە بانکی ئەمریکا داناوە!! مەسعود بارزانی وەکو خەباتکاری ماندونەناس لە دژی گەندەڵی نیشانی خەڵکی کوردستان دەدرێت، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتە ڕاگەیەنراوەکان، بەشی هەرە گەورەی سامان و داهاتە بێ سەروشوێن کراوەکانی کوردستان لە حیساب بانکیەکانی خودی خۆی و ئەندامانی بنەماڵەی بارزانیەوە سۆراغیان پەیدا بووە. هەر ئەمەش نهێنی ئەوەیە کە هیچ گەندەڵ و تالانکارێکی پلە خوارتر باکی لەو هاژو هوژە نییە کە دەربارەی دادگاییکردن و سزادانی گەندەڵکاران لە چوارچێوەی قەوانی چاکسازیدا لێدەدرێتەوە. بارزانییەکان و تاڵەبانییەکان وەکو ئەو کەسەیان لێهاتووە کە لەبەر ئەوەی ماڵی خۆی لە شوشەیە ناوێرێ بەرد بگرێتە پەنجەرەی کەسانی تر.

خەرجی مانەوەی یەک شەوی مام جەلال لە ئوتێلێکی ئەڵمانیا نیو ملیۆن دۆلار بووە. کەمترین بەخشیشی هاوسەفەرەکانی دوو دەفتەر دۆلار بووە. لەم سەری وڵات تا ئەو سەری وڵات لەهەر شار و شارۆچکەیەک کۆشکێکی هەیە. کورەکەی ئۆفیسێکی هەیە لە دەروازەی شاری سلێمانی مانگی جارێک سەری پێدە دەکات، ئەو ڕۆژە یەک کیلۆمەتر بە چواردەوریدا بە شامپۆ دەشۆرن، لە دەرەوەی ئەو کیلۆمەترەش بۆگەنی خاشاک خەڵکی هەراسان کردووە. ئێستاش بنەماڵەکەی دەستیان بەسەر لایەکی داهاتی کوردستاندا گرتووە، ئەگەر هاوڵاتیەکیش داوای ماف و موچەی خۆی بکات، بێ سەروشوێنی دەکەن. لەولاشەوە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە ژنانی "نەتەوە"کەی ئەم بنەماڵانە لەشی خۆیان دەفرۆشن بۆ شیری منداڵەکانیان.

مەسعود بارزانی پێداگری لەوە دەکات کە تەنها وەکو پێشمەرگەیەک بناسێنرێت، لە کاتێکدا منداڵی پێشمەرگە عەودالی پیاڵەیەک شیرە، کەم سەروەتترین تاکەکانی بنەماڵەی بارزانی ملیاردێرن. حکومەتەکەی بارزانی گوایە لەژێرباری ٢٨ ملیار دۆلاردا خەریکە پشتی دەشکێت، لە کاتێکدا تەنها سەروەتەکەی مەسروری کوڕی، ئەویش تەنها ئەوەی لە بانکی سویسرا دایناوە دوو بەرابەری ئەو بڕە قەرزە زیاترە. بە بەرچاوی لێشاوێک لەو خەڵکە رووت و ڕەجاڵەی کە محتاجی ژەمێک نان و دەنێکێک حەب و لیترێک نەوت و سەعاتێک روناکین، هەر بە داهاتی ئەو خەڵکە کۆشکەکانیان دەچێتە پاڵ سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان، ئامێزی شەقامە پانەکان بۆ ئاپورەی ئۆتۆمبیلە دوا مۆدیلەکانیان تەسک و سەغڵەتن، پیاسە و باڵبادانیان بە کۆپتەر و فڕۆکەی تایبەتی خۆیان ئەنجام دەدەن، ژیانی شاهانە لە چاو ژیانی ڕۆژانەی ئەم بنەماڵانە وەکو ژیانی سادەی شوانێک وایە.

ئەم سەڵتەنەتەی ئەم بنەماڵانە لایەکی ئەو هاوکێشەیەیە کە لایەکەی تری لەشفرۆشیە بۆ پەیداکردنی شیری منداڵ، هەڵ لەرزینە لەبەردەم سەرما و تاسانە لەبەر گەرما بۆ سەدان هەزار خێزان، بە نۆرە نان خواردن و چۆکدادانی دەیان هەزار هاوڵاتی هاونەتەوەی ئەوانە لە ئاست میکرۆب یان ڤایرۆسی نەخۆشیەکی سادە، ڕەوکردن و سەری خۆهەڵگرتنی دەیان هەزار لاوی بێهیوا و بێکار و نقوم بوونیانە لە دەریاو ئۆقیانوسەکان. بە کورتی ملیاردێری ئەوان لایەکی هاوکێشەیەکە کە لایەکەی تری نقوم بوونی ملیۆنەها هاوڵاتیە لە هەژاری. ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی کاریزما سەرکەشەکانی کوردایەتیە و هەر بۆ ئەم مەبەستەشە بە هەزارو یەک شێوە گۆرانی کوردایەتی بە گۆرانی بێژان دەچڕن و منداڵانی پێ باردەهێنن.

بارزانییەکان و تاڵەبانییەکان دەیانەوێ خەڵکی کوردستان باوەڕیان پێ بکەن کە گوایە مانگانە بە هەموو داهاتی کوردستان یەک ملیار دۆلار بۆ کرێی کرێکاران و موچەی فەرمانبەرانیان بۆ دابین نابێت، لەکاتییێکدا بەپێی ڕاپۆرتەکان تەنها سەروەتی ڕاگەیەنراوی بارزانی و تاڵەبانی، تەنها ئەوانەی گوایە دۆناڵد ترەمپ دەستی بەسەردا گرتوە و ئەوانەی لە بانکی سویسران، بەشی ٤٦٦ مانگ (واتە زیاتر لە ٣٨ ساڵ) موچەی یەک ملیاری خەڵکی کوردستان دەکات. ئەمە ئەگەر سەروەتە زەبەلاحەکانی تری خۆیان و بنەماڵەکانیان دەستی لێ نەدرێت.

ئەمانە کۆمەڵگەیەکی چەند ملیۆنیان روت و ڕەجاڵ و برسی و بێدەرەتان کردووە، تەواوی داهات و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی و ئاسمانی ئەم کۆمەڵگایەیان کردوە بە پارە و خستویانەتە سەر حیسابی خۆیان و بنەماڵە و دەوروبەرەکەیان. هەر ساتێک لە خۆشی و ڕابواردن و ژیانی فیرعەونانەی ئەم بنەماڵانە و سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە نرخی کێوێک لە کارەسات و نەهامەتی بۆ گەورەکان و مەرگ و برسێتیش بۆ منداڵانی شیرەخۆرە تەواو دەبێت. ئەمە ناکۆکی قوڵی کۆمەڵگای کوردستانە، ئەم ناکۆکی یە پێویستی بە شۆڕشی برسییەکانە بۆ ئەوەی لە ریشەوە هەڵتەکێت.





# بۆچی هاوڵاتییەکی بەریتانی دەبێتە تیرۆریست؟

نووسینی: ئاسۆ کەمال

خالد مسعود ،کە ناوی ئەسڵی "ئەدریان ئەنجو"بوو، لە بەریتانیا نیوسەدەیە لەدایک بوە بۆچی بوە تیرۆریستێکی ئیسلامی، پرسیارێکە مێشکی خەڵک و میدیای لەبەریتانیادا پێوە خەریکە. ئەم کەسە لە سەرەتای گەنجیەوە کێشەی فامیلی ، کار ، قەرز و مادەی هۆشبەری هەبوە و دواتر چەند تاوانێکی بە چەقۆ لێدان لە کەسە نزیکەکانی سزادراوە و زیندانی کراوە. پاشان هاتوچۆی مزگەوت دەکا و دەبێتە موسوڵمان و لە سعودیە دەبێ بە مامۆستا و دواتر لەلەندەن لە مەدرەسە ئیسلامیەکاندا دەرس دەڵێتەوە و لە دواجاریشدا تاوانی تیرۆریستی ٢٢مارسدا ئەنجام دەدا لە بەردەم پەرلەمانی بەریتانیا و چوارکەس دەکوژێ.

ڕیشەی ئەم تیرۆریزمە ئیسلامیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چیە وئیسلامی سیاسی چ پایەیەکی هەیە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا؟ ڕێگاچارەکانی بنبڕکردنی ئەم تیرۆریزمە ئیسلامیە چیە؟ ئایا گرفتەکانی پەنابەران لە خۆرئاوا بونەتە مایە و زەخیرەیەک بۆ ئیسلامییەکان؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەتوانێ وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە بۆ لە لەندەن و پاریس ونیۆرک ووڵاتانی ڕۆژئاوادا کەسانی وەک خالد مسعود پەیدا دەبن؟

"کاتی ئەوە نەهاتووە لەڕووی کۆمەڵناسی و کولتورناسی و ئایینناسی و هزرییەوە خوێندنەوەی رژد و ئەکادیمی بکرێت لەسەر گەنجانی کۆمەڵگە موسڵمانەکانی خۆرئاوا و ناوەند و گروپەجیهادییە ئاشکرا و نهێنییەکان و وردبوونەوە لەو پاشخانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاساییانەی لەپشت ئەم دیاردەیەوە کار لەسەر ئەو زەمینەسازیە ترسناکە دەکەن؟" *

سەبارەت بە سەرچاوەی گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگە و کۆمینیتیە ڕۆژهەڵاتیانە لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا ئەوەیە کە لە بەشی هەژار و حاشیەی کۆمەڵگەن ، نە کارێکی باشیان هەیە، نە ئاستی گوزەرانیان باشە و کێشەی بێکاری و مادەی هۆشبەر و تاوان لە ناویاندا بەرزترین ڕێژەیە بەبەراورد بە بەشەکانی تری کۆمەڵگە. هاوکات ئەو جیاوازییە کولتورییە،کە لە شوێنی خۆیەوە وەک کەسێکی سەرکوتکراو و بێ ماف و ڕاگیراو لە سایەی دەسەڵات و نەریتی دینی هاتوە، لێرەش لەلایەن ئەم حکومەتانەی ڕۆژئاواوە وەک سیاسەتی فرەکەلتوری پارێزراوە. ئەم کۆمینیتیە هەروەک کۆمێنیتی ئەفریقی و کاریبی چاوی ڕاسیسیتی و میراتی دیدی کۆیلایەتی کۆلۆنیالیستی لە کۆمەڵگەدا پێیان دەڵێ ئێوە جیاواز و لە خوارەوەن.خالد مسعود و خالد مسعود وەک قوربانیەکی ئەم کێشە کۆمەڵایەتی و هەلومەرجە بۆیە پەنادەباتە بەر گواستنەوە لە جێگای هاوڵاتیەکی بەریتانی بەرەو کۆمینیتی ئیسلامەکان.

سەرباری ئەمە لە ڕۆژئاوا لە تەمەنی "ئەدریان ئەنجو"، خالد مسعودەوە، واتە لە پێش نیو سەدەوە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ئیسلامی سیاسیان دروستکردوە، کە ئەم ئیسلامییە سیاسییە سودی لەم هێزەی پەنابەر و کۆمینیتی ڕۆژهەڵاتی وەرگرت لەئەوروپا؛ هەم سودی لەبێکارییەکەی و نامۆبونەکەیی و لەونکردنی شوناسە مرۆییەکەی خۆی، ئەمانە بوون بە مایە و زەخیرەیەک بۆ ئیسلامی سیاسی کە بتوانێت بنکەیەکی گەورە لەئەوروپادا دروستبکات.

لەبارەی مێژووی دروستبوونی جیهادییەدکانەوە ،دوای شکستی سۆڤێت لەئەفغانستان، جیهادیە عەرەب ئەفغانەکان درووستبوون کە زۆربەیان لەم وڵاتانە بوون، دواتریش کاتێک مەسەلەی جەزائیر و شوێنەکانی تریش دروستبوون، ئیسلامییە جیهادییەکان لەو شوێنانە دروستبوون و قاعیدەو ئەوانی دیکەش دروستبوون، لەئەوروپادا بنکەی گەورەیان هەبوو، باڵە سیاسییەکەیان لەلەندەن بوون، چەندین گۆڤاری

بۆلاپەڕە 7

# سەکۆی ئازاد

ئەم گۆشەیە تایبەتە بە گفتوگۆ لەگەڵ رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری، سەبارەت بەمەسەلەکانی خەباتی کرێکاریی و جەماوەری و کۆسپ و رێگریەکان و خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان، هەلومەرجی ژیان و خەباتیان، ...تاد. ئەوەی لەم گۆشەیەدا بڵاودەکرێتەوە راوبۆچوونی بەشداربووەکانە و مەرج نییە لەگەڵ خەت و سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا بێتەوە... لەم ژمارەیەدا گفتوگۆیەکمان لەگەڵ سەلام نەجیبە ئەنجامداوە، سەبارەت بەکاری هەروەزی لە خانەقین



**بۆپێشەوە: دەستبردن بۆ کاری هەرەوەزی یان باشتر بڵێم، کاری راستەوخۆی جەماوەری کە ئیوە دەستتان بۆ بردووە، بیرۆکەی کێ بوو؟ هۆکاری دەستبردن بۆ ئەم کارە جەماوەرییە چیە؟ تا چەندە لەو کارەتاندا سەرکەوتون؟**

**سەلام نەجیبە:** لە دێرزەمانەوە کاری هەرەوەزی لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت و سەرەتا پێشی موڵکایەتی تایبەتی، مرۆڤ بە شێوەی هەرەوەزی کاری کردووە(کۆمۆنە سەرەتاییەکانی دایکسالاری) و لە (باخچەی ئەبیقۆر)ی یونان و ژیانی پەیرەوانی مەسیح و ئیسلام لە مەدینە، قەرمەتییەکان، بابەکییەکان و(شێخ بەدرەدین) لە تورکیا وەک لە شیعرێکی نازم حیکمەت هاتووە و ئەوانی تریش بەشێوازی جۆربەجۆر رەنگی داوەتەوە تا دەگاتە ئەزموونی سۆسیالیستە یوتابیەکان (سان سیمون، رۆبیرت ئەوین، فوری و لویس پلان) تا دەگاتە ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس و سۆڤێت و چین و لەم سەردەمە لە ولاتانی ئەمریکای لاتین، ولاتانی ئۆروپا و میسر و کینیا و هیندستان. هەروەزی لە 1895بووە بە بزووتەوە(هاوپەیمانی هەرەوەزی جیهانی) و لە 1995 یادی تێپەڕبوونی100ساڵیدا کرایەوە.

لە کوردستان شێوەی کاری هەرەوەزی مێژووی خۆی هەیە و لە لادییەکان بەشێوەی جۆربەجۆر ئەنجامدراوە. کاتێ خەریک نووسینی نامیلکەیەک بووم لەبارەی مێژووی کرێکارانی خانەقین، وێنەی (هەرەوەزی بەکاربەران)ی کرێکارانی نەوتخانەم دەستکەوت و لە حەفتاکانیشەوە لاوان و قوتابیان بۆ درەوکردن دەچوون بۆ ئاواییەکان و لەگەل جووتیاران بە هەرەوەزی درەویان دەکرد.

لە 2005 هەوڵمدا، بەڵام زۆر ساکار بوو و سەرکەوتنێکی زۆر کورتی بەخۆیەوە بینی و پاشان راگیرا. لەم ماوەیە بەهۆی پێویستیمان بە قوتابخانە، سەنتەری تەندروستی، هۆڵ بۆ یاری گەنجان و پرسە و ئاهەنگ، کتێبخانە بۆ منداڵان، پاخچەی گشتی و زۆر شتی تر، لەنێو (سەرکەوتن) پرسیارم کرد و بوو بە بابەتێکی گشتی، بۆیە داوای کۆبوونەوەی گشتیم کرد و پاش هەڵبژاردنی شێوە کاری هەرەوەزی و ئامادەیی هەمووان بە هێزی کار و ماددیش بۆ بەشداری کردن، دەستمان بە دامەزراندنی قوتابخانە کرد، بەڵام بەبێ بەشداری هەڵمەتی پشتیوانی لە کارە هەرەوەزییەکانی خانەقین و پشتیوانی برادەرەکانم و خزمان و هاوڕێیان و خەڵکی بە ویژدان، زەحمەت دەبوو بگەینە ئەم ئاستە: ئەمڕۆ پەنجەرەی لایەکی قوتابخانەکە دانا.

لەگەل کاری هەرەوەزی بۆ دروستکردنی قوتابخانەکە، چەندین هەنگاوی ترمان ناوە، وەک( رێکخستنی خوولی هەرەوەزی بۆ وتنەوەی وانەی زمانی ئەنگلیزی بۆ نزیکە 80 قوتابی لە کتێبخانەی گشتی خانەقین و مامۆستا خەیرەدین وانەکە دەڵێتەوەو کاک ئەیاد عەلی بەباشی سەرپەرەشتی دەکات، بەشداریکردن لە دروستکردنی خانوویەک بۆ خێزانێکی هەژار، چیمنتۆریزکردنی حەوشەی دوو خانوو، دامەزراندنی یەکەم کتێبخانەی هەرەوەزی بۆ منداڵان، بەشداری لە دروستکردنی خانوویەک بۆ خێزانێکی تر، دامەزراندنی سندوقی دارایی دانیشتوان، بەشداری لە کاری هەروەزی بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی شەقامێک و هەروەزی کشتوکاڵی، دابینکردنی(سخان)و برێک خۆراک بۆ خێزانیکی هەژار و هیوادارم لەم رۆژانەشدا بتوانین هەرەوەزیەکی بچووک بۆ پەروەردەکردنی پەلەوەر رێکبخەین. لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونمان: رێکخستنی کاری هەرەوەزی بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی گەڕەکی کەڵات، بەشداری لە دروستکردنی دیواری قوتابخانەیەک و چیمنتۆریزکردنی شەقامێک لە گەڕەکی ئیمام عەباس. ئەم هەنگاوانە سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرە و کێشە و هەڵەکان سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.

**بۆپێشەوە: ئایندەی ئەم کارە چۆن دەبین و چ هەوڵیکتان داوە بۆ گواستنەوەی ئەو تەجروبەیە بۆ شوێنی تر؟**

**سەلام نەجیبە:** لە 28/11/2016وە دەستمان بەکارەکان کردووە و هەنگاو بە هەنگاو و رۆژ بە رۆژ لە پێگەی فێسبوکەکەم بڵاویان دەکەمەوە و چەندین کەناڵی تەلەفزیون لەبارەیەوە راپۆرتی خۆیان بڵاوکردووە، هاوڕێ گۆران بە سوپاسەوە لە سایتی دەنگەکان تەوەرێکی رێکخست لەبارەی کاری هەرەوەزی و چەندین نووسەر خۆشەویست بە باشی و خراپی راوبۆچوونی خۆیان وت و، بە شێوەی شەخسیش



دیمەنی شەقامێک کە بەکاری هەرەوەزی دروستکراوە

پەیوەندی بە هاوڕی و برادەرەکانم کردووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هەنگاوی جددی لە شار و شارۆچکەکانی تر نەنراوە. چەپ لە کوردستان هەر خەریکی خیتابی سیاسی و کۆبوونەوەیە کە زۆر گرنگن، بەڵام تا ئەم چرکەساتە ئامادە نییە بێتە مەیدانی کاری هەرەوەزی لە هەموو بوارەکان، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لەم پەراوێزبوون و سەرقاڵبوون بە کاری بیروکراسی پشت مێزی(فەیلەسوف و بەرپرسە بلیمەتەکان)و هەڵویستفرۆشتن بەسەر خەڵک، رزگاری ببێت و بێتە ناو خەڵک و گرنگترین ئامێری خەبات(گوێچگە) بەکاربهێنێت و بەکاری عەمەلی بەدوای داخوازی خەڵکەوە بێت(تۆزێک وەک من پشتتان ئازارتان بدات و راکەراکە بکەن!) یان لە سیاسەتی"یەکریزی ماڵی کورد" لەگەل کۆربورات، سەرمایەدار و گەندەڵکار و مشەخۆرەکان بێنە دەرەوە، دەرگای خەیاڵپلاوی دابخەن، عەقلیەتی بان شۆڕشگێر لەگەل راستەرەو و دوژمنەکانمان جووتدەبن، بێنە سەر واقعی رۆژانە و حزووریان دووپات بکەنەوە، هیچ نەبێت وەک بوارێک بۆ پەروەردەکردنی تاکی هەرەوەزی کە سبەی پێویستیمان پێدەبێت بۆ دامەزراندی ئابووری سۆسیالیستی، هەروا دەڵێم هیچ نەبێت کاری هەرەوەزی ئازاد، زەمینەیەکی زۆر لەبارە بۆ یەکخستنی کار و خیتاب و چالاکییەکانمان. ئاخر بەو عەقڵ و رەفتارەوە چۆن دەتوانین لە خەڵک نزیک ببینەوە و خەڵک لە هێرشی بێئامانی بازاڕی ئازاد رزگاربکەین یان لە دوارۆژ حوکومڕانی بکەین؟!

ئەزموونی سێ مانک و نیوی کارەکانمان لە خانەقین کەم نییە، بەداخەوە بێجگە لە دووهەوڵ(لە کفری کاری هەرەوەزی بۆ دامەزراندنی کتێبخانە و لە ناحیەی رزگاری خوولی وتنەوەی وانەی بیرکاری بۆ دوو حەفتە) لە هیچ شوێنێکی رەنگی نەداوەتەوە. ئایا هێزی چەپ تا چ رادەیەک ئامادەیە وزەی خۆی بۆ رێکخستنی کارە هەرەوەزییەکان تەرخان بکات؟ چاوەڕوانی چییە؟ بۆچی دەستپێشخەری ناکەن؟

لەگەل هەموو ئەو پرسیارانە، هیوادارم حزب و کەس و گروپە چەپەکان لە هەموو ئاستێکدا بەم ئاراستەیە(بجمێن)!

شایانی باسە، هەموو ئەو کارانە بەناوی ( لیژنەی کاری هەرەوەزی) ئەنجام دەدەین....

# دەنگۆی خۆ ناو نووسکردنی خەڵکی کوردستان لەحەشدی شەعبیدا، چ پەیامێک دەگەیەنێت؟

**نووسینی: تاهیر عیسا**



ئایا پەیامی زەنگێکی مەترسیداری، دیکەی دوای تیکشانی سەربازی داعش، نییە؟؟ دەنگۆی خۆناونووسکردنی خەڵکی کوردستان، لە هەندێک ناوچەی وەک هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازەو زەڕایەن و کەلارو ناوچەکانی تر، بە ئاگاداری یەکێتی نیشتیمانی، وەک لەهەندێک پێگە ئەلەکترۆنیەکاندا بڵاوکرایەوە، دەستی پیکردووە. ئەگەر لەلایەک هەلومەرجی خراپی ژیان لەژێر حاکمیەتی بیست وشەش ساڵەی ئەحزابی قەومیی وئیسلامیدا، هۆکارێک بێت بۆئەوەی خەڵکی هەژارو نەدارو بێ مووچەکراوی کوردستان ناچاربن بۆ وەڵام دانەوە بەپێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان ومانەوەیان لەباریی فیزیکییەوە، دەستی بۆبەرن، ئەوا لەلاکەی ترەوە، هەبوونی هەر هەوڵێکی لەم جۆرەو پشتیوانی یەکێتی لەم هەنگاوە مەترسیدارە، بۆ ئەو ململانێ سیاسیی و ئابوورییە بەرفراوانە جیهانیی وناوچەییە دەگەڕێتەوە، کەلە عێراق و کوردستاندا لە ئارادایە. کە هەم زلهێزەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو هەم دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان، بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیانی، لێدەچننەوەو بەرهەم دەهێنن.

کوردستان وەک دوو پێکهاتەی سەرەکی، ناوجەرگەی ئەم ململانێیە، کەلە زۆنی زەردی ناومیحوەڕی ئەمریکا-تورکیا-دەوڵەتانی کەنداو (سوننە-داعش)و زۆنی سەوزی ناو میحوەڕیی ڕوسیا--صین-ئێران-سوریا(شیعە) پێکهاتووەو بەشێکە لە دوو میحوەریی دابەش بووی ناو ئەم ململانێ جیهانیی وناوچەییە. دروستبوونی حەشدی شەعبی، کە بەفەتوای گەورە مەرجەعی شیعە، سیستانی، لەدوای شکستی سوپای عێڕاق لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەموصڵ، پێکهێندراو لە ساڵی ٢٠١٧ شدا، لەناو پەڕلەمانی عێڕاقدا وەک هێزێکی نیزامی بە دەنگی زۆرینەی پەڕلەمانتارانی شیعەکان و یەکیتی لەپەرلەمانی عێڕاقدا بەیاسایی کراو بودجەی پێویستی بە پێوانەی □□□ هەزار چەکدار بۆدیاریکرا، لەو لایەن و گروپ و دەستەو تاقمە شیعانە پێکهات کە خوێناویترین و تۆقێنەرترین کارنامەی تیرۆرو کوشتن وڕفاندنیان، لەمێژووی چواردە ساڵی رابردودا لەدژی خەڵکی سوننە مەزهەب و کوردزمان وهێزەکانی ئەمریکا لەعێڕاقدا هەیە. حەشدی شەعبی، لەژێر ناوی وەک ڕێکخراوی بەدرو سەرایای سەلام وعەسائیبی ئەهلی حەق و حەڕەکەتی حیزبوڵڵای نوجەباو سەرایای خوڕاسانی و ... دەیان سەرایاو کەتیبەی تر، کە هەر هەموویان بە کۆمەکی ڕاستەوخۆی ئێران و چەک و چۆڵی ئێران و بەسەرپەرشتی قاسم سلێمانی، ڕاهێنان و مەشقی سەربازیی و ئایدیۆلۆجی کراون. واتە حەشدی شەعبی ئەمڕۆ هەمان هێزیی ئایدیۆلۆجی سەربازیی هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێرانە، کە مێژوویەکی ڕەش وخوێناوی لەکوردستانی ئێران و لە ئێراندا هەیە. ئامرازێکە بۆ سەرکوتی هەردەنگێکی ناڕازیی و ئازادیخوازیی. حەشدی شەعبی بەشێک لە ستراتیج وئامانجێکە کە جمهووری ئیسلامی ئێران لەچوارچێوەی سیاسەتی پانئیسلامیزمی ئێرانی شیعی، لەدەرەوەی ئێراندا بەدواوەیەتی، کە بە قوڵایی ستڕاتیجی ڕژێم، ناسڕاوە، کە لەسوریاو لوبنان و یەمەن و بەحرەین و چەند شوێنێکی دیکەشدا جێبەجێی دەکات و ناوچەکانی لەبارێکی نائەمن و پڕ لەمەترسی و شەڕو کوشتاریی خوێناویدا ڕاگرتووە. ئەم سیاسەتەی ئێران هەم هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی پێگەی جمهووریی ئیسلامی وشیعەگەرایی لەناوچەکەو جیهانداو هەم هەوڵێکیشە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی دەرەکی لەسەر خۆی. لەساڵی ٢٠٠٢ دا لەبەرنامەی سیاسی رۆژهەڵاتی تازەی ئەمریکادا ئێرانیش یەکێک بوو لە وڵاتانی میحوەڕی شەڕو ئاشووب!! کە جۆرج بۆش لەکۆنگرەی ساڵانەی ئەمریکادا لەپاڵ عێڕاق و کۆریای باکوردا ناوی هێنا، دوای ڕوخاندنی حکوومەتی بەعس لە ٢٠٠٣وە کە ئەگەر ئەمریکا لەعێڕاق سەرکەوتنی بەدەست هێنابا، ئەگەری لێدان لە ئێران، ئەگەرێکی بەهێز بوو. لەبەرامبەردا ئێران، هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ تێکدانی زیاتری باریی نائارامی لە عێڕاق و ناوچەکەدا بۆ شکست پێهێنانی سیاسەتی ئەمریکاو جێنەکەوتنی وەک هێزیی براوە لەناوچەکەدا. هێزە میلیشیا شیعیەکانی (هەمان پێکهاتەی ئەمڕۆی حەشدی شەعبی) بۆ دژایەتی سوننەکان و شەڕ لەدژی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا، بەکارهێنا. هەر لەم چوارچێوەیەشدا بەهۆی بەهێزبوونی نفووزی ئێرانی لەعێڕاقدا،

بۆلاپەڕە 9



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگای کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارەسەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پیشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە، کە هەر جارە لەگەڵ یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، سازی دەکات.

لەم ژمارەیەدا "بۆپێشەوە" لاوژە جەواد، دەدوێنێت:

**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژ بەژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، چییە؟**

لاوژە جەواد: توندوتیژی بەرهەمی کۆمەڵگەی چینایەتیە. توندوتیژی بۆتە پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگر. چەکێکە بۆ پاراستنی ئەو جیاکاریانەی کە پایەکانی کۆمەڵگای چینایەتی لە سەری وەستاوە، بە بێ چەکی توند و تیژی بەشێک لەم نیزامە پەککەوتە دەبێت.

توندوتیژی هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردن و گوێ ڕایەڵ هێشتنەوەی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو. هۆکاری سەرەکی توندو تیژی لە سەر ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیگاو ڕێگایەی کە لە گوزەری مێژوودا سەپاندویانە بەسەریاندا. بەڕای من دوکوڵەکەی سەرەکی و تێکهەڵکێش و زۆرجار جیانەکراوەی هەیە، یەکەمیان پێناسەی دینەکان بۆ ژن و دووەمیان وەک کاڵا سەیرکردن ژنە لە لایەن سیستەمەوە. ئامرازی وەک مەزهەبی جۆراوجۆر، نەتەوەی جۆراوجۆر، داتاشینی جیاوازی رەگەزی و جنسی، پەرەدان بەکۆنەپەرستی کۆمەڵە ئامرازێکن بۆ کۆنترۆڵ و گوێڕایەڵکردنی ئینسانەکان.

کوردستان بە پێچەوانەی ئەو شوێنانەی کە پێشتر پریشکی شۆڕشی پێشکەوتنخوازانەیان بەرکەوتووە، بەردەوام لە ژێر کاریگەری و کۆنەپەرستی ناوچەکە دا بووە. بە میلیاردها دولار پارە بۆ ئیسلامیزەکردنی کوردستان سەرف کراوە. دەسەڵاتدارانی کوردستان بە دروستکردن هەزاران مزگەوت و مەکتەب قورئان، تەرویجی کۆیلەکردن ژنان لە پرۆسەی پەروەردە، دۆخی ژنانیان زۆر خراپتر کردووە.

لەم کۆمەڵگەیەدا کە یاساکانی ئیسلامین و لە هەمان کاتیش بە نەخشەو پلان هەوڵدەدرێت دواکەوتویی بکرێتە فەرهەنگی کۆمەڵگە. ژنان نیوە ئینسانن و دوانیان بەرامبەر پیاوێکە، ژن داماو و ژێردەستەیەو خۆی نابێت خاوەنی ئابوری سەربەخۆ بێت و ئەوە ئەرکی پیاوانە دەبێت مەسرەفیان بکەن، دەبێت دۆخی ژنان چۆنبێت؟

کچان و کوڕان لەیەکتری نامۆ کراون و دورخراونەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تەحەروش و گێچەڵکردن لە کۆمەڵگای کوردستان زیاد بکات و ژنان وەکو پێویست جورئەت نەکەن لە شوێنە گشتی و ناوبازارەکان دەرکەون یاخود ئەگەر دەرکەوتن، دەبێت بە حەوت بەرگ خۆیان داپۆشن بۆ ئەوەی لە تەحەروش بەدوور بن.

هاتو هاوارو هەڕەشەی مەلاکان و قاژو قیژیان و ناساندنی ژنان بە بێ ڕەوشت و هەوڵدان بۆ هەڵخراندنی ئیحساستی کۆنەپەرستانە لە کۆمەڵگەدا یەکێکی ترە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی توندو تیژی، کە دەبێتە هۆکاری ئازاردانی دەرونی ژنان و کچان، کە زۆرجار دەرئەنجامەکەی دەستبردنە بۆ خۆکوشتن و خۆسوتاندن. یاخود ڕاستەوخۆ دەبنە قوربانی و دەکوژرێن.

**بۆپێشەوە: ڕێگاچارە چییەو دەبێ چ بکرێت، بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەم و توندوتیژییەی، دژ بەژنان لە ئارادایە؟**

**لاوژە جەواد:** خەبات بۆ مافی ئینسانی ژنان و سڕینەوەی ئەو جیاکاریە مێژوویانەی کە ژیانی ژنانی بەرتەسک کردوەتەوە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خانەی گەڕاندنەوەی ئیرادە بۆ ئینسان و ئینسان سەنتەری. بەداخەوە ئەو پێنج حیزبەی کە هێزیان هەیە و حاکمیەتی کوردستانیان لە دەستە یان لە سەرەی بەدەستهێنانی حاکمیەتدا وەستاون، یەک لە ئەویتر کۆنەپەرستترن، تیکڕا لەسەر چەسپاندنی یاسای کۆنەپەرستانە و دژە ژن هاوڕان. کۆمەڵێک ڕێکخراو بە ناو دیفاع لە ژن و کۆمەڵێک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکراون ئەرکی ئەوان لە ئەساسەوە دەستگرتن بەم سیستەمەیەو هیچی تر نا، وە لە هەمان کاتیش ئەوەیان تەرویجداوە کە پرسی ژنان پەیوەندی بەم کۆمەڵە ڕێکخراوە هەیە کەبەشی هەرە زۆریان سازشکارن و خۆشیان لە ئەساسەوە باوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو و نەمانی توندو تیژی نییە بەرامبەر ژنان.

توندوتیژی بەرامبەر ژنان گەیشتۆتە ئەوپەڕی، بەڵام کۆمەڵگە ڕاناچڵەکێنێت و نایهێنێتە مەیدان. نایەتە دەنگ، کاتێک ژنێک دەکوژرێت یان ئەشکەنجە دەدرێت بەر لە هەر شتێک پرسیاری ئەوە دەکرێت بۆ کوژرا؟ لەبری ئەوەی بوترێت بەهەر پاساوێک بێت ئینسان کوشتن تاوانە. ئەمە لەناو بەشێکی ئازادیخوازانیش ڕەنگیداوەتەوە زۆرجار ژنێک دەکوژرێت یەکسەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەکەونە بەرەی دیفاعەوە وشەی " تەنها لەبەر ئەوەی" بەکاردەهێنن. یاخود لە ڕۆژانی ڕابردودا گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوبۆوە کە بەهۆی ئەوەی ژنێک " پاکیزە" نەبوو مێردەکەی دەکەوێتە هەرەشەکردن لەو ژنەو بەئاشکرا توندوتیژی دەرونی بەرامبەر بەکاردەهێنێت، لەبری ئەوەی ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان مەحکومی بکەن و بڵێن هەر خودی سەپاندنی مۆری پەردەی بەکارە گەورەترین توندوتیژیە بەرامبەر ژنان، وا دەکات کە هەموو ژیانی کچانمان لە قەلەقی و دوودڵیدابن و نابێت بکرێتە ڕەمزێک بۆ شەرەف. دەبێت ژنان خاوەنی خۆیان و بەدەنیان بن نەک پەردەی بەکارە ناسنامەیان بێت کەوتنە بەرەی دیفاع و دۆکۆمانی زانستی لەسەر پەردەی بەکارە.

لە کوردستان بزوتنەوەیەکی یەکسانیخوازی تۆکمە و کۆمەڵایەتی بۆ داکۆکی و دابینکردنی مافەکانی ژنان وجودی نییە. ئەوەی کە بەلاوازی و تاکو تەراش دەبیندرێت سەر بە مەیل و گەرایشی جیا جیایە کە هەندێکیان بە پێی یاساو شەریعەت لاریان بەرامبەر توندو تیژی دژی ژنان نییە. تاکوتەرا یەکسانیخوازەکانیش باوەڕیان بەوە هێناوە کە پرسی ژن تەنها کێشەی ژنان خۆیانەو پایەندی بە کۆمەڵگا نییەو تەنانەت کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگاش پەیوەندی بەوانەوە نییە! هەندێک جار هەستدەکەیت بۆچونەکانیان دەچێتە قاڵبی ژنپەرستی و پیرۆزکردنی ژن.

ئەو بزوتنەوەی کە ئێستاش هەیەو بەرامبەر توندو تیژی دەوستێتەوە، بزوتنەوەیەکە کە زیاتر لەچەند ڕۆشنبیرو سیاسیەک پێکهاتوون، لەناو جەرگەی ژنان و کێشەکانیان هەڵنەقوڵاون. ئێمە لە کوردستان ڕێژەیەکی یەکجار بەرچاومان لە ژنانی ناوماڵ هەیە، کە بەشی زۆریان لە ژێر کاریگەری پەروەردەی غەڵەتی ئەم دەسەڵاتەو یاساو ڕێساکانیدان و خۆشیان باوەڕیان بە لاوازبونی خۆیان هێناوە، دەنگی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەوانەو نەمانتوانیوە ڕێکیان بخەین و ڕابەران و کەسایەتی خۆیانیان تێدا بدۆزینەوەو دەریانبهێنین.

ئێمە بەر لە هەرشتێک پێویستمان بە بیرکردنەوەی بنەڕەتی هەیە کە چۆن دەستمان بگاتە ژنان لە ناو ماڵەکانیان و کوچەو کۆڵانەکانیان، چۆن دەنگیان دەربهێنین و ڕێکیان بخەین؟

هەر هێزو بزوتنەوەیەک بیەوێت بارودۆخی ژنان چاک بکات دەبێت دەست بۆ ئەم هەنگاوانە بەرێت:

1- یاسای وڵات لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت و هەموو ئەم بڕگە یاساییانە لاببات کە دژی ژنانن و دەبنە هۆکاری توندوتیژی و چەوسانەوەی ژنان. دەبێ ژنان و پیاوان هاوڵاتی یەکسان بن لە هەموو مافەکانیان. بە واتایەکی تر دەبێت دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی یاسا ئیسلامیەکان سەرتاپایان دژە ژنن. وە بڵندگۆی مزگەوتەکان بهێنێتە خوارەوە مەلاکان دەمکوت بکرێن.

2- سیستەمی پەروەردەو خوێندن بگۆڕدرێت و سیستەمێکی ئینسانی بێت. چونکە ئەوەی ئێستا هەیە هەر لە بنەڕەتەوە لە باخچەی ساوایانەوە



جیاکاری لەنێوان کچان و کوڕان دەکرێت و پەرە بە توندو تیژی دەدرێت لەڕێگای زاڵکردنی ڕەگەزێک بەسەر ئەوەی تر.

3- ڕۆشەنگەری بکرێت لە کۆمەڵگادا، زۆر هەڵسوکەوتی ئاسایی و ڕۆژانە هەیە کە مافی هەموو ئینسانێکە وەک سەفەر و سەیرانکردن، جل لەبەرکردن بە دڵخواز، چونە سەیری یاری تۆپی پێ و سینەما و ... هتد، بۆ ژنان و کچان ئەگەر قەدەغەش نەکرابێت، ئەوە هێندە لۆمە کراوە کە دەرفەتی بۆ ژنان و کچان نەهێشتوەتەوە ئاسودە بن، بەڵام لە بەرانبەردا دەیان شتی تر کە زۆربەی ژنان و کچان لە ترسی قسەو قسەڵۆک و سەرزەنشت کردن ملیان پێداوە، لەوانە حیجاب، گۆشەگیربوون لە کونجی ماڵەوە، بێدەنگ بوون بەرانبەر ئەو سوکایەتەی کە ڕۆژانە تەحەمولی دەکەن، بوەتە بەهای جوان و بەنرخ!!.

توندوتیژی لەسەر ژنان بەرهەمی ئەو پێناسەیەیە کە یاساو ڕێسا کردویەتی بۆ کوڕان و کچان و ژنان و پیاوان، هەتا ژن لەو پێگە نزمە و پیاویش پاسەوان، هەر ساتێک ژن گوێڕایەڵی کۆیلایەتی نەبێت گرژی دەکەوێتەوە و توندوتیژی سەرهەڵدەدات. ئێمە دەبێت ئەو پێناسەیە بگۆڕین وەک ئەوەی کە لەزۆر جێگای تر کراوە و ئیمکانی هەیە، دارشتنی پێناسەیەکی ئینسانی هەم ژنان رزگار دەکات و هەم پیاوانیش.

ژنان و خەڵکی ئازادیخواز بۆ پارێزگاری لەخۆیان و مافەکانیان پێویستیان بە هێزێکی جەماوەری بەرفراوان هەیە کە بتوانێت لە سەرجەم مەیدانەکاندا بەرهەڵستی کۆنەپەرستی و سیستەمی خێڵەکی بێتەوە.

لە سەنگەری بەرگریەوە بچێتە پێشەوە بۆ سەنگەری هێرش. خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە کوردستان زۆرە، بەڵام پێویستی بە یەکبوون و ڕێکخراوبوون و کاری هاوبەش هەیە.

# خەڵکی کەرکوک لە ناو بەرداشتی شەرە ئاڵا و کێشەی قەومیدا

**نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد**

ڕۆژی ٢٧ مارس ئەوەی ناوی نراوە "ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک" بڕیارێکی پەسەند کرد بۆ هەڵکردنی "ئاڵای کوردستان" لە پاڵ "ئاڵای عیراق"ەوە لە دام و دەزگا رەسمیەکانی ئەو شارەدا. خەڵکی ئەو شارە کە بەدەست نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیان و خزمەتگوزاریەکانەوە گرفتارن، لە جیاتی هەموو ئەوانە شانازی گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەیە کە ئاڵایەکی بۆ کردوون بە دیاری! ئیتر خەڵکی ئەم شارە دەبنە خاوەن ئەو بەختە گەورەیەی کە لە جیاتی یەک ئاڵا دوو ئاڵا بەسەر سەریانەوە بشەکێتەوە و ئەمە بکەنە قەرەبووی برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزارەییەکان.

چەند ساڵەی ئاڵای دەوڵەتی شۆفینیستی بەعسی عێراق بە رتوشێکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیەوە تەنها ئاڵا بوو لە دام و دەزگا فەرمیەکاندا، خەڵکی شاری کەرکوک یەکێک لە قوربانیە گەورەکانی سیاستە فاشیانەکانی رژێمی بەعس بوون کە لە ژێر ئەو ئاڵایەی ئێستای عێراق بەرامبەریان پیادە کراوە. ئەو ئاڵایەی بەعس تەنها سێ ئەستێرەی لابراوە و فۆنتی "الله اكبر"ەکەی گۆڕاوە. سیاسەتی تەعریب و راگواستن و سەرکوت و لەسێدارەدان و کوشتاری بەکۆمەڵی ئەم خەڵکە دەیان ساڵ لەژێر ئەو ئاڵایەدا ژیانی ئەم خەڵکەی کردبوو بە دۆزەخ. شۆفینیستە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی دوای رژێمی بەعس کە لە راستیدا لە دڵەوە سورن لەسەر بەردەوامیدان بە کارنامەی بەعس و چاوەڕوانی ئەوەن کەی هاوسەنگی هێز دەستیان ئاوەڵا دەکات، ئامادە نەبوون تەنانەت ئەو ئاڵای عێراقە بگۆڕن کە سیمبول و بیرهێنەرەوەی مێژوویەک لە بەربەریەتە، تەنها رتوشێکی وایان کردوە کە کۆنەپەرستی و سیما ئیسلامیەکەی تۆختر بکەنەوە.

ئێستا ئاڵای ناسیۆنالیزمی کوردیش وەکو دیاریەکی گەورە پێشکەش بە خەڵکی کەرکوک کراوە. لە راستیدا تا کاتێک باس باسی دابینکردنی مافە سەرەتایی و رەواکانی خەڵکی بێدەرەتانی کەرکوک بێت، تا کاتێک لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری رابردوودا خەڵکی ئەم شارە کەوتنە بەردەم پەلاماری درندانەی داعش، نە حکومەتی ناسیۆنال-ئیسلامی عێراق خۆی بە بەرپرسیار زانیوە و نە حکومەتی ناسیۆنالیستە کوردەکان، بەڵام کاتێک کێشە دێتە سەر سامان و دەسەڵات و سیمبولەکان دەسەڵات لەم شارەدا، هەمووان خۆیان بە خاوەنی کەرکوک دەزانن. ئەوەی ئێستا ناوی نراوە ئاڵای کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا سیمبولی دەسەڵاتێک بووە کە نوقمی گەندەڵی و تاڵانی و سەرکوت و بێدەرەتانکردنی خەڵکی کوردستانە و هەر بەم بۆنەیەشەوە کەوتۆتە بەرامبەر نەفرەت و نارەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستان. تا ئەو جێگایەش کە بەشاری کەرکوک دەگەڕێتەوە رۆڵی ئەم ئاڵایە تەنها ئەوەبووە کە فاکتۆرێکی قوڵکردنەوەی ناکۆکی و قڵشتی قەومی نێوان دانیشتوانی ئەم شارەی کردوەتە سەرباری نەهامەتیەکانی دیکەی ئەم خەڵکە. سەرجەم هێزە ناسیۆنالیستە کوردی و عەرەبی و تورکی و ئیسلامیەکان، وەکو درۆیەکی گەورە و شاخدار سوێند بەوە دەخۆن کە لایەنگری ئەوەن شاری کەرکوک شاری ئاشتی و پێکەوە ژیان بێت، بەڵام بە کردەوە بە هەموو توانایان هەوڵی خۆشکردنی ئاگری شەڕ و کێشەی کۆنەپەرستانەی قەومی دەدەن. بەرزکردنەوەی ئەم دوو ئاڵایە کە یەکێکیان سیمبولی شۆفینیزم وئەنفالی ئیسلامی ئەوەی تریان سیمبولی نەتەوەپەرستیە، بە توندی ناکۆکن لەگەڵ پرەنسیپی پێکەوە ژیانی هەموو دانیشتوانەکەی بە دوور لە ناسنامە دەسکردە قەومی و مەزهەبیەکان.

یەکێک لە مەرامە تا سەرمۆخ دژی ئینسانیەکان کە لە پشتی هەڵکردنی "ئاڵای کوردستان" لە کەرکوکەوە راوەستاوە، ئەوەیە کە ناسیۆنالیستە کوردەکان خۆیان مەڵاسداوە بۆ ئەوەی چارەنوسی ئاوارە عەرەبزمانەکانی ئەم شارە وەکو کارتی گوشار بەرامبەر ئەگەری کاردانەوە و هەڵوێستی حکومەتی عێراق دژی ئەم بڕیار و هەنگاوە بەکاربهێنن. میدیاکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لە ئەگەری ئەوەی حکومەتی عێراق بودجەی ئەم شارە ببڕێت، هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە دەرکردنی ئاوارە عەرەبزمانەکان لە پاڵ دوو کارتی فشاری دیکەوە بەرامبەر بە حکومەتی مەرکەزی بەکاربهێنن. واتە هەردوولایان نان و ئاو و ژیانی خەڵکی بێدەرەتان و بێ دیفاع دەکەن بە بارمتەی بردنە پێشی مەرامە کۆنەپەرستانە قەومیەکانیان.

رۆژانی دوای بەرزکردنەوەی ئاڵای ناسیۆنالیزمی کورد لە کەرکوک، تاقم و لایەنە قەومپەرستە تورکمانەکان کە ئەوانیش بە لەپشتدانیان لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە، لایەکی پاڵنانی دانیشتوانی ئەم شارەن بۆ ناو شەڕ و کێشەی قەومی لە پێناو مسۆگەرکردنی بەشی خۆیان لە سامان و دەسەڵاتی ئەم شارە، کەوتنە هەڵخڕاندنی هێزەکانی خۆیان و ڕێکخراوە دەستسازەکانیان بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوەپەرستی تورکمانی و خۆپیشاندانی نارەزایەتیان بەرپاکرد. ئێستا خەڵکی بێدەرەتانی کەرکوک لەپاڵ هەموو بێبەشی و بێ خزمەتگوزاری و سوتان لە ناو فەزای نائەمنی و گرفتاربونیان بەدەست تاڵان و برۆی سەرجەم حزبە بورژوازیە کورد و عەرەب و تورکەکانەوە، پەلکێش کراون بۆ ناو ئاشوبێکی قەومی مەترسیدار. ئەفیونی قەومی هەر بەشێک لەم

بۆلاپەرە 9

# هاوارەکان و ڕاستی "جەنگێکی ڕزگاری بەخش"



ئامادەکردنی: خ. سایە

ڕەتلێکی گەورە لەژن ومناڵ، گەورە وبچوک وگەنج، لەنەخۆش و پیروپەکەوتەو ژنی دوگیان.. بەخۆیان وکۆڵەپشتێکەوە لەپەڕۆ و پاتاڵ، لەژێر ئاسمانی دوکەڵێکی ڕەشدا، کەوتونە تەڕێ. گەرچی ئەم ئینسانانە بەسیماو ڕوخسارێکی ڕەش داگەڕاو وهەناسە سوارییەوە، تازەبەتازە کوچەو کۆڵانە داڕوخاوە بۆمبرێژکراوەکانی ڕۆژئاوای شاری موسڵیان تێپەڕکردووە وخەریکن لەخاڵی پشکنینی سوپای عێراقی نزیک دەبنەوە، بەڵام مەرگ سێبەرێکەو هێشتا ئەگەری بۆردومانی فڕۆکە و فیشەکی قەناس وتەقینەوەی بۆمبا، ژیانی ئەوانی لەکەمینێکی مەرگەساتدا ڕاگرتووە. نیگای چاوەکان نوقمی ترسێکی ئومێدکوژە، جەستەکان یەکجار تێکشکاو و ماندوی دەستی دۆخی چەند هەفتەو مانگی جەنگ و گەمارۆ وبرسێتی و سەرمایە. ئەو جەستانەی کەلەخۆیان بێزارن و بەدەم لەرزەوە عەزیایەک ڕادەکێشن تا نەخۆش وپەکەوتەکەی سەری بگەیەنێتە شوێنی چارەسەر، دەستی لەژیانی خۆی بەرداوەو لێی نادیارە کەئاخۆ لەم میحنەت وئازارە ڕزگاری دەبێ وەدەگاتە کەنارێکی ئارام!. ژنانێکی مناڵ لەباوەش، وەیا بەئێش وئازاری دوگیانییەوە، ڕێگایەکی سەخت و دژواری چەند شەو ڕۆژەیان بڕیوەو ئێستا چەند هەنگاوێک کەوتونەتە دوای هاوسەرەکانیان. پێدەچێت تەنها بیرەوەریەک هاندەربێت بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوەکانیان "مەرگی ئەو مندالە ساوایانە بێت کە لەبەرنەبوونی شیر لەباوەشی دایکیاندا چاوەگەشەکانیان بۆهەمیشە لێکنا". گەنجانێک کە داپیرەو بابەگەورەیان لەکۆڵ ناوە، جەستەی ماندویان هاواردەکات، ئەمە دارمانی یەکجاری گەنجە!... دیمەنەکانی ئەم ڕەتڵە جولەی سات بەساتی کورتە فلیمیکی هۆلیۆد نییە، بەڵکو ئەمانە ڕیزێکی دوورودرێژی هەڵهاتوانی بێدەرەتانی کارەساتێکن کەبە"جەنگی ڕزگاری موسڵ" ناوزەد کراوە. ئەمانە قوربانیانی ئاوارەبووی بەرەی لای ڕاستی شارێکن کەتەنها لەدووهەمین هەفتەی درێژەکێشانی خۆیدا بەپێی ئامارە کرچ وکاڵەکانی دەزگاکانی یوئێن 50هەزاری تێپەڕاندووە. ئەمانە شەپۆلێکی تری ئاوارەیی دانیشتوانی شاری موسڵە، کەبەدوای نزیکەی سێ ساڵ ژیانکردن لەژێرسایەی دەسەڵاتی ڕەش ونەگریسی داعشدا وپاش چوارمانگ لەگەمارۆی ئابوری هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانانی ئەمریکا و دوو هەفتەش مانەوە لەجەرگەی جەهەنەمێکدا، کەماشێنی جەنگ وکاولکاری ڕێگای کردبووەوە تا هێزەکانی سوپای عێراق بتوانێ بچتە نێو ڕۆژئاوای ئەم شارەوە. بەتایبەتیش بەدوای ئەوەدا کەدۆخی ناهەمواری جەنگ وکوشتار وماڵوێرانی هیچ چارەیەکی بۆ مانەوە نەهێشتەوە، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێت بە"ژیانی کۆیلەیەتی ژێرسایەی داعش ڕازیبن"، بۆیە ئەوەی ناچارییە تەنها ڕێگای هەڵهاتنە لەم جەنگە!، ڕێگایەک کەدەبێ لەسەرو ئیختاری هەر کەسەوە گوێ بەهیچ نەدەیت وژیانی خۆت وهاوسەرو مناڵەکانت بخەیتە بەردەم ڕەحمەتی مەرگەوەو بەکۆمەڵ ڕێگا بەرەو سنورەکانی پێشەوەی جەنگ بگریتەبەر، تا لەوجەهەنەمە دەرچیت. ئەمە ڕاستییەکی هاوبەشی دانیشتوانی شارێکە، کەجەنگ بەسەریاندا دایسەپاندووە..

### هاوارەکان بەرووی "جەنگێکی ڕزگاری بەخش"دا:

کامیرای ڕۆژنامەنیگارێک لەسەر سیمای پیاوێکی تەمەن 67 ساڵە لەنگەری گرتووە، کەتازە لەنێو تەپوتۆزی بۆردومانەکان و باروتی بۆمبای تەقیودا، کەوتۆتە وچانەوە: پیرەپیاو بەوحاڵەوە کەهەیەتی پەنجەی بۆ ژنان ومنداڵانێک ڕاکێشاوە و بەدەنگێکی زەلیلانەوە هاوار دەکا: "سەیرمان کەن، ئەوە ژیانی ئێمەیە کەبەمجۆرە داڕماوە" گریان لەقوڕگی پیرە پیاودا گوێزانێکی بەجێماوە، ئەو کە نۆ سەعاتە بەڕێوەیە و بەچاوی خۆی دیمەنی هاوسەرەکەی بینی کەچۆن بووە خۆراکی گوللەتۆپ ولەنێو باروت و ئاسن وپاشماوەی خانوی داروخاودا پارچە پارچەبوو، هیچی لەوە زیاتر لەدەست نەهات هاوارکات وبڵی: "ئا ئەمەیە ڕزگارکردنی شار!".. نادیە، کچە گەورەی پیرەپیاو، کەمناڵە ساواکەی لەباوەشگرتبوو، هەر خێرا قسەی لەدەمی باوکی وەرگرت وتی :"هیچ شتێکمان نەما بۆخواردن، دوای ئەوەی کەچوار مانگ بەنان وئاو ڕامانکێشا... مەرگ بەرۆکی بەکۆرپەکەم گرتووە، نەمەمکەکانم شیریان تیایەو نەشیرو خۆراکی مناڵەکەمم بۆدابین دەکرێ. ئەوەی هەیە تەنها ئاوە، فەرموون سەیرکەن ئاخر ئەوە ڕەوایە مناڵێکی ساوای دوومانگە، لەبەر بێ شیری ئاوا بچروسێتەوەو مەرگ یەخەی پێبگرێ"... گریان قسەکانی لەگەروی نادیەدا خنکان وخۆی تێکەڵ کڕوزانەوەی کۆرپەی باوەشیکرد.. دیمەنەکانی ئەم وێستگەیەو هاوارەکانی هەڵهاتوانی جەنگ سادەترین واتایان بۆ "چەمکی ڕزگاری شارێک" نەهێشتەوە، بەتایبەتی کاتێک جەمسەرەکانی ترس پاڵنەری ئەم هەڵهاتنەبن ...

### جەمسەرەکانی ترس

هۆکاری پشتی هەڵهاتنی بەکۆمەڵی هەزاران کەسی و موجازەفەکردن بەژیانیانەوە، بەتەنها بۆ برسێتی و نەبوونی خۆراک و ئاوکارەبا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ترس لەدەسەڵاتی ئاڵای ڕەش و ترس لەبۆردومان و کاولکاری، لەدۆخێکی گەمارۆدراوی تەواودا، هاندەرێکی دووسەرەیە بۆ ڕاکردن وگرتنەبەری ڕێگای هەڵهاتن. ئەمە سروشتی ئەو جەنگە ئاشکرا دەکات کەلایەنە دەرگیرەکانی لەهەردووک سەرەوە، سەرەڕای هەر پڕوپاگەندەیەک کەدەیکەن، ژیانی هەزاران هەزار ئینسانی بێتاوانی بەبارمتەگرتبێت.. "لەپێشەوە چەقۆی داعش لەسەرگەردنی هەموومان بوو، تەنانەت بیرکردنەوە لەڕاکردن و ئاشکرابوونەکەی، لەلایەن داعشەوە بەسزای ئیعدام تەواودەبوو... ئەحمەد وایوت".. ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: "کاتێک بۆردومانەکان بەچڕی دەستیان پێکرد وچەکە بۆمبا هاوێژەکان خان و وئاپارتمانی خەستەخانەو قوتابخانەو دامەزراوەکانی بەسەر پێوە نەهێشت، کاتێک کەبینیمان داعش ئێمەی لەپشتێنەی دەرعی بەشەریدا ڕاگرتووە، ئیتر بۆمان مەعلوم بوو لەچەندلاوە لەگەڵ ئەگەری مەرگ بەرەوڕووین"... دۆخی گەمارۆدراوی شارەکە ونەبوونی هیچ دەرچەیەکی خۆدەربازکردن، داوەڵی مەرگی لەهەموو لایەکەوە بەسەر سەرمانەوە ڕاگرتبوو..".

شەیما: "هەستێکی ترساوی قوڵ سەرتاپای جەستەمی داگرتبوو، بۆیەک ساتیش لێم جیانەدەبووەوە، بەتایبەتی کاتێک لەبەشی پێشەوەی قوتابخانەیەکدا خۆمان حەشاردابوو، کاتێک کردەوە سەربازیەکان بەرەولای ئێمە چڕتر دەبوەوە، بەهەر چواردەورماندا هاوەن و گوللەتۆپ خۆیان بەزەوی وبینایەی دەوروبەرماندا دەکێشا، بەچاوی خۆم بینیم کەچۆن ماڵی مامم، کەبەرامبەرمان بوو، کەوتەبەر بۆردومانی فڕۆکەکان وڕوخێندرا بەسەر خێزانەکیدا و تەنها خۆی وکچێکی دەرباز بوو"، شەیما لەگێرانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا درێژەی پێدا: "برسێتی وتینوێتیمان لەبیرکردبوو، بەڵام بەوحاڵەوەی کەتێی کەوتبووین لەلایەک ترس لەئاشکرابوون وکەوتنە بەردەستی چەکدارانی داعش و لەلایەکی تریشەوە بوردومانەکان، مەرگ وتیاچوون هەڕەشەی بەردەوامی سەرسەرمان بوو... ئاخر من بەچاوی خۆم بینیم کەچۆن ماڵی مامم بەسەر هاوسەرو مناڵەکانیدا دارمێنرا!... من بینیم کەچۆن داعشەکان خێزانێکیان بەژن ومناڵەوە دایە بەردەسترێژی گوللە، لەبەرئەوەی هەوڵی هەڵهاتنیاندا بوو"..

کچێکی 22 ساڵە کە لەکەنار شەیماوە دانیشتبوو، وتی: "ئێمە کەزیاتر لە 300کەس دەبوین دوای ئەوەی کەچەند چەکدارێک دایان بەسەر گوندەکەماندا و ئێمەیان بەرەو موسڵ برد، لەگەرەکی -عەقرەب- ڕۆژئاوای موسڵ کە دەکەوێتە سەر ڕێگای بەغدا، خستیانینە ئەو خانوانەوە کەچۆڵکرابوون، تاوەک دەرعی بەشەری بەکارمان بهێنن وبەمجۆرە ئێمەیان لەنێو تەنورەی ئاگری جەنگێکدا ڕاگرت کە لەهەموو لایەکەوە ترس لەمەرگ ژیانی دەهاڕین. بەڵام بەم حاڵەوە بیرکردنەوە لەهەڵهاتن بەهەر نرخێک بووە لەمێشکماندا دەهاتو دەچوو..".

### کەوتنەڕێ ڕەتڵەکەمان:

یونس.. ئاوا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە: "بەیانیەکی زوو بەبێ ئەوەی هەست بەسەرما بکەین وچەکدارانی داعش پێمان بزانن، لەبینایەی قوتابخانەکە یەک لەدوای یەک هاتینە دەرەوە، نزیکەی 50 بۆ60 کەسێک لەژن ومناڵ وپیرو پەکەوتەو ژمارەیەک نەخۆش و بریندار بوین، دەلیلەکەمان دووکوڕی گەنج بوون کەیەکێکیان پیرە مێردێکی لەکۆڵنابوو، بەنێو کوچەوکۆڵانی داڕوخاو و وێرانەدا، بەرەو هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ ڕێگامان گرتەبەر. نزیکەی کاتژمێرێک بەدەم دەنگی هاوەن و تەقەو گوللەتۆپەوە، لەڕێگادابووین، کەئاوڕم لەدوای خۆم دایەوە بینیم ڕەتلێکی زیاتر لەهەزار کەسی، ڕێگایەکی خواروخێچ وتەپوتۆزاوی گرتۆتەبەر. دوای 12 کاتژمێر ڕێکردن لەیەکەمین خاڵی پشکنینی سوپای عێراق نزیک بوینەوە. یەکەمین کارێک کە لەگەڵیان کردین، لێکۆڵینەوەو پشکنینی ئەمنی ودواتر جیاکردنەوەی کەسانێک بوو لێمان"..

(بەپێی ڕاگەیاندراوەکانی هێزە تایبەتیەکانی عێراق هەموو بەیانیەک زیاتر لە4هەزار کەس لەڕۆژئاوای شاری موسڵەوە بەرەو ئەم خاڵی پشکنینە هەڵدێن). کۆتایی ئەم گەشتە، سەرەتای ژیانی کەمپ نشینی دەست پێدەکات.

### کەمپەکانی ئاوارەیی؛

لەخاڵی پشکنینەوە ئاوارە وهەڵهاتوەکان دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەیەکی چۆڵ تا لەناسنامەکانیان بکۆڵرێتەوە وبەبیانوی گومانی هەبوونی داعش لەنێویاندا، وەیا بەپێی زانیاری سەرچاوە هەواڵگریەکانی حکومەتی عێراق وهەرێم، ئەگەر کەسانێک گومان لەناوەکانیان بکرێت، ئەوا دەستگیر دەکرێن و لەوانی تر جیادەکرێنەوە و بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبرێن. ئەوەی کەمایەوە بەرەو ئەو کەمپانە دەبرێن کە لەدەوروبەری شاری موسڵ ئامادەکراون... لەویش دوبارە پشکنین وناونووسکردن دەستپێدەکاتەوە.

کەمپی حەمام عەلیل تەنها لەیەکەمین هەفتەی کرانەوەیدا 22هەزار کەسی تیا جێگرکرا. "لیوا بەشار" کە سەرکردەیەکی سەربازی وبەرپرسیاری کەمپەکەیە، وتی: "ژمارەی ئاوارەکان زۆر لەو چاوەڕوانییە زیاترە کە ئێمە مەزەندەمان کردبوو هەربۆیە هەوڵدەدەین کەمپەکە فراوان بکەینەوە تا 5 هەزارکەسی تر بگرێتەخۆی". ئەمە لەکاتێکدایە ڕۆژانە لەنێوان 3 بۆ4 هەزار کەس لەبەری ڕۆژئاوای شاری موسڵەوە هەڵدێن.

لەلایەکی تریشەوە "کارۆلین گلاک" قسەکەری نەتەوەیەکگرتوەکان لەپرسی ئاوارەکاندا، ڕایگەیاند کە ڕۆژانە زیاتر لە4 هەزارکەس دەگەنە شوێنی ئارام وپێدەچێت زیاتر لە400 هەزارکەس لەقۆناغی دوومی جەنگدا ئاوارە ببن. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی ئێمەو ڕێکخراوە مرۆییەکان، توانای بەپیرەوە چوونی ئەم هەموو ژمارەیەمان نییە، بەتایبەتی کەسەرچاوەکانی فریاگوزاری نەتەوە یەکگرتوەکان جگەلەوەی لەپێشەوە ئامادەکاری پێویستیان نەبووە، هاوکات لەناکاویش ناتوانێ شەپۆلی ئاوارەی تازەی شەڕەکە بگرێتەخۆی ودایانمەزرێنێ".

یونس بەدەم سەرنجی حەپەساو وهەناسە سواریەوە لەگەڵ یەکەمین ساتەکانی ژیانی نێوکەمپەکەدا کەوتەوە قسەکردن و وتی: "ئەگەرچی باوەڕناکەم بەدەربازبوونمان وگەیشتنمان بۆئێرە، بەڵام بارودۆخ لێرەش یەکجار ناهەموارە وپێدەچێت لەجەهەنمەوە قاچەکانمان پەڕی بێتە ناو زەلکاوێکەوە.. هێشتا ژنان عەودالی هاوسەرو مناڵەکانیانن، هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بێچارە لەنێو جەهەنەمی شەڕدا گیریان خواردووە، بەدڵنیایەوە پیرو پەکەوتەو نەخۆش وبریندارەکان ناتوانن ئەو ماوەیە ببڕن کەئێمە بڕیومانە وکەسیش بەفکری ڕزگار کردنیانەوە نییە، ئەی چارەنوسی ئەوانەی لەبرسانا و لەترسی داعش وبۆردومانەکان لەژێر پاشماوەی خانوە داروخاوەکاندا ماونەتەوە کێ ڕێگایەکی دەربازکردنیان بۆ دەدۆزیتەوە.. بەڕاستی مەئساتێکی گەورەی ئینسانییە.. ئێستاش ئێمە ڕزگارمان نەبووە، بەڵکو چارەنوسمان هەواڵەی ژیانی دەوارنشینی کراوە. لەهەمولایەکەوە کەمپ ودەوار، خەڵکی ئەم شارەیان تێدا ئاخنیوە، بەبێ ئەوەی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی تێدابێت".. ئایا ئەمە شەڕی ڕزگارییە، یان داڕمان و کاولکردنی شارێک ودەوار نشین کردنی خەڵکەکەیەتی!..

**سەرچاوە:**
**سایتی / شبكه النباء الانسانيه**
**سایتی/یوئێن ئێچ سی ئاڕ**

دواکات بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
١٢/٤/٢٠١٧

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

NRT گۆشەی لەگەڵ

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە بە رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...**

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری ٢٠١٧ /١٣/٣ چی رێگرە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی راپەرین؟**

**ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت**

## چی رێگرە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی راپەرین؟

بەرلەوەی پوختەی بۆچوونم دەربارەی تەوەرەکە بەیان بکەم، دەبێ بڵێم خودی ئەوەی کە پێشکەشکاری بەرنامەکە، دەپرسێت هاولاتی یان حزب کامیان بەرپرسن، لە وەدی نەهاتنی ئامانجەکانی راپەرین!! نیشانەی پشتیوانی ئەم کەناڵەیە بۆ دەسەلات و دەیەوێت هۆکاری ئەم دۆخەی کوردستان بخاتە سەرشانی هاولاتیانی تورە و ناڕازی لەم دەسەلاتە، ئەمەش شەرمە بۆ کەناڵێک بانگەشەی بێلایەنی بکات.

بۆ چوونە ناو باسەکە سەرەتا دەبێ بپرسین بەڕاستی راپەرینێک روویداوە؟ ئەگەر هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ ڕاپەرین بوو، بۆچی دوای چارەکە سەدەیەک خەڵکی کوردستان ساڵ بەساڵ، هەلومەرجی ژیان و گوزەران و ماف و ویست و خزمەتگوزارییەکانیان، تا ئازادی و شکۆی ئینسانیان، بەرەوە وردبوون و خراپتر چووە؟ ئایندەی سیاسی کوردستان هێشتا نادیار و هەڕەشەی لەسەرە؟ ئەگەر دۆخی دوای راپەرین ئەو مەرگەساتە بێت کە ئێستا خەڵکی کوردستان گیرۆدەیەتی، دەبێ خەڵکی کوردستان نەفرەت لە ڕاپەرین بکەن...

راستی ئەوەیە، خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ دا، نە لە ئاکامی خەباتی پێشوتری خۆیان، وەنە لە ئاکامی گۆرانی هاوسەنگی هێز لەنیوان بەعس و بزوتنەوەی دژی بەعسدا، بە سودی خەڵکی کوردستان، وەنە لەئاکامی وەگەرخستنی ئیرادەی خۆیان و پشت بەستن بەتوانای خەباتکارانەی خۆیان، وەنەبە کۆبوونەوەیان لەدەوری حزبێکی شۆشگێرو ئاسۆیەکی رزگاری بەخشی ئینسانیدا، بەڵکو بەهۆی لاوازبوونی بەعس لەجەنگی کەنداو لە ئاکامی خۆشباوەری خەڵکی کوردستان بە ئەمریکاو غەرب و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، فرستیان هێناو هاتنە مەیدان و سوپای قەسابی کراو و دام و دەزگا داوەشاوەکانی بەعسیان لە کوردستان وەدرەنا. دیارە ئەم هاتنە مەیدانە بێ ئامانج نەبوو، بەڵام هاوکات پشت بەستوو نەبوو بە ئیرادەو توانایی خودی خەڵکی کوردستان، بەڵکو قۆستنەوەی فرسەت بوو بۆ تۆڵە لە رژێمێکی درندەو خوێنخۆر و سەرکوتگەر، لەهەلومەرجێکی جەنگی و کۆنەپەرستانەدا. ئازادی و کۆتاییهێنان بە زوڵمی قەومی و سەربەخۆیی، دوو خواستی سەرەکی بوون بۆ زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان. وەلایان وەبوو ئەگەر بەعس لەکوردستان وەدەربنرێت، ئەوا هەردوو خواستەکەیان بەدی دێت. بەڵام هەی هوو... هاتنەمەیدان و خۆشباوەربوون بە ئەمریکاو غەرب و خۆسازدان لەچوارچێوەی ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و کورد و حزبەکانی" بەرەی کوردستانی" و سەرگەرم بوون بە دروشم و بانگەشەی ئەم حزبانە، نەک خەونی ئازادی و سەربەخۆی کوردستان، بەڵکو سەرەتاییترین خەونی ژیان کردنیشی، لێسەندنەوە. ئاخر لە نێوان راپەرین و شۆرش و تۆڵەسەندنەوەدا، جیاوازییەکی زۆر هەیە. تۆڵە سەندنەوە هەمیشە ئایندەی لێڵ و نادیارە، لە کاتێکدا شۆرش و راپەرین، ئومێدەواری و گەرانە بەدوای ئایندەی لانی کەمی دیاردا. شۆرش و راپەرین بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگی هێزە لەبەرژەوەندی چینە نەدارو هەژارو شۆرشگێرەکاندا لەبەرامبەر بەدەسەلاتدا. لە کاتێکدا تۆڵە هەڵسانێکی کاتی و قۆستنەوەی فرسەتی ئایندە نادیارە. شۆرش و راپەرین لە زۆرترین کاتدا، ئاڵوگۆی ریشەیی و بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لەکۆن دادەبڕێت. لە کاتێکدا، تۆڵە و خرۆشانی دوور لە ئیرادە، لە زوربەی حاڵەتەکاندا دەشێ دۆخەکە خراپترو مەترسیدار تربکات.

هەڵسانی جەماوەی و تۆڵە سەندنەوە، لە چوارچێوەی خۆبەستنەوە بە سیاسەتی جەنگی و کۆبوونەوە لەدەوری ئەحزابی پارێزەری چینەداراو کۆنەپەرستەکاندا، بە قازانجی ئەم حزب و رەوتانە و بە زیان و زۆرجار کارەساتبار بۆ جەماوەری ستەم دیدە تەواو دەبێت. لە کوردستان راپەرین رووی نەدا، خرۆشان و تۆڵە سەندنەوە، روویدا. بۆیە ئاکامەکەی ئەوەبوو، کە خەڵک دەستی بچزی و لە راپەرین قەڵس بێت. ئەو دوو ئامانجەش "ئازادی و سەربەخۆیی" کە دوو خواستی رەوابوون، بە شوینێک نەگەن. رژێمی بەعس، بە هۆی ناسنامە قەوم پەرستیەکەی، ئینکاری خەڵکی کوردستان و خواستە سیاسیەکانی دەکرد، وە پلەی دوویی دابوو لەناوچەوانی خەڵکی کوردستان و وەکو هاولاتی لەخوارتر تەماشا دەکران. روبەرووبونەوەو بەرەنگارییش بە توندترین شێوەی سەرکوت و وەلامی پێدەدرایەوە. زیندان و لەسێدارەدان تا دەگاتە میلیتاریزەکردنی کوردستان و بۆمباباران، تا دەگاتە ئەنفال و کیمیاباران، هەموویان کارنامەی درندەیی قەوم پەرستی و بەعس بوون. وە نەبوونی ئازادی وئازادی سیاسی، نەبوونی ئازادی رۆژنامەگەری و مانگرتن و خۆپیشاندان و پیکهێنانی حزب و رێکخراوەی سیاسی و جەماوەری و رەخنەگرتن لە بەعس و سیاسەتەکانی لە جێگایدا سەرکوتی سیاسی، بەرجەستەترین لایەنی دڕندەیی بەعس بوو. خەڵکی کوردستان لە ژیانی واقعی خۆیاندا، کەمتر کێشەی نان وژیان و خزمەتگوزاری وەکو ئاو وکارەباو رێگاوبان و یاساو...تاد هەبوو. بۆیە کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان سەرکوتی سیاسی و بەرەسمی نەناسینی مافە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان بوو وەکو هاولاتی بەمافی یەکسانەوە لەچواچێوەی عێراقدا. هەر بۆیە لە پشت هەڵسان و خرۆشانی جەماوەری ١٩٩١ دا، ئەم دوو خواستە خۆیان حەشاردابوو. هەڵسانی جەماوەری یان " ڕاپەرین" هیچکام لەم خواستانەی بەدی نەهێنا. ئەگەر ئەم خرۆشانە جەماوەرییەو نەمانی بەعس لەکوردستان، کەشێکی نیمچەکراوەی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەمە نەک نەگۆردا بە ئازادی سیاسی، بەڵکو ئەحزابی سیاسی کوردستان هەموو هەوڵیان لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا بەرتەسککردنەوەی ئەم فەزایەیە. دیارە بێشەرمانەش بەو فەزایە دەڵین ئازادی سیاسی و بەخێرو بەرەکەتی خۆیانی دەزانن کە رادەستی خەڵکی کوردستانیان کردووە. ئەوەی کە نەیتوانیوە بە تەواوی ئەم کەشە دابخریت و بپێچرێتەوە، قوتبی نەبوونەوەی دەسەلاتە لەلایەن تاکە هێز و حزبێکی سیاسیەوە، بەڵام چونکە ئەم دۆخە یەکسان نییە بە ئازادی سیاسی، هەمیشە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و لەژێر هەرەشەی دەسەلاتی هەردوو زونی زەرد و نیلیدا، ناڵەیانە. هەموو رەخنەیەکی ریشەیی و هەموو کردەیەکی کاریگەری سیاسی، کە دەسەلات بکاتە نیشانە زۆر دلڕەقانە وەلامی پێدەدرێتەوە. خۆپیشاندانی خەڵکی بۆ نان و ئازادی و شکۆ لە ١٧ شوباتدا، بەچەک وەڵامی وەرگرتەوە، بۆ دەبێ بروخێ؟ دەبێ چۆن کۆمەڵگا لە خوێن بۆ پارێزگاری لەدەسەلات، هەڵبکێشن. باسی ئازادی سیاسی رۆژنامەگەریش پێویستی بە بەڵگە نییە، ئەوە سەردەشت عوسمان و تاهیر ستار شەریف و سۆران و ویداد...داخستنی دەیان رۆژنامەو هێرش بۆ سەر نەیارانی سیاسی سەر بە بزوتنەوەی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی جیاواز و تەنانەی بەرگەی یەک نەگرتن لەناو یەک خانەوادەی بزوتنەوەی ناسیونالیستیدا... ئەمە دۆخی ئازادی دوای راپەرین بۆ خەڵک و سەرکوتی هەمەلایەنەش بۆ دەسەلاتی کوردایەتی...

سەربەخۆیی... ئەمەش چ بەوێنەی پرسێکی گرنگ و چارەنووساز و چ بەوێنەی ویستێکی بەرینی جەماوەری، نەک لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە هەنگاوێکی بۆ نەنراوە، بەڵکو ئەمان خۆیان کۆسپێکی سەرەکی بەردەم چارەسەری کارسازو ئینسانیانەی ئەم پرسەن. چۆن لەسەردەمی بەعسدا بەدوای بەشەوە بوون لەگەڵ بەعس، بەدوای لەدەسەلات کەوتنی بەعسیشەوە، هەموو هەوڵ و تەقەلایان بۆئەوە بوو، لەدەسەلاتی بەغدا و لەگەڵ رەوتگەلی ناسیونالیستی و ئیسلامی سیاسی شیعیدا، بەشدار بن و تا زەمانی بودجەو پۆست و رەسمیەت بەخشین بۆ درێژەدان بەدەسەلاتیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا، بەشێوەی یاسایی!! تەوافقی زامن بکەن. خۆ ئەگەر جار ناجاریک گوێ بیستی باسی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت ببین، ئەوا ئەم بانگەشانە، هێندەی هەڕەشەن لە ناوەند و کارتی گوشارە بۆ بەشی زۆرتر لە ناوەند، نیو ئەوەندە پەیوەندی بە سەربەخۆیەوە نییە. دەسەلات و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەئێستا جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق، بە قازانج بۆ بزوتنەوەکەی خۆیان نابینن بۆیە نەک لەگەڵی نین، بەڵکو ئەگەر رەوت و کەسانێک بەکردەوە دەست بۆ وەڕێ خستنی بزوتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی ببەن بۆ جیابوونەوە و لەو هەوڵەشیاندا ریگەی گەرانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان" راپرسی" بگرنەبەر، یەکەمین کۆسپ و رێگریەک دەسەلاتی بۆرژوازی کورد دەبێت... لەدوایین لێدوانیدا، نێچیر بارزانی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی پارتی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی فیلیی ئەمریکی، دەڵێت" لەمساڵدا ریفراندۆم ئەنجام دەدەین، ئەمەش بەمانای ئەوەنییە دەستبەجی کار بەئەنجامەکەی بکەین، بەڵام ئەوەی هاوڵاتیان دەیانەوێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت..." وە هاوکات" وتوویەتی " ناتوانین بگەرێینەوە بۆ رۆژانی رابردووە، عێراقی پاش موسڵ ئەو عێراقە نییە کە پێش موسڵ هەبوو" ئەمە بەرۆشنترین شێوە نیشانی دەدات کە ئەمان نەک جیا بوونەوە ریفراندۆمیشیان بۆ جیا بوونەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیانە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتی عێراق بڵێن... کۆمەکی زۆرترمان بکەن و بەش و پێگەی سیاسیمان دوای وەدرەنانی داعش لەموسل بەهەند بگرن... ئەوە لە کاتێکدایە، خواستی جیابوونەوە لەعێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستانەو لە راپرسی نافەرمی ٢٠٠٥ %٩٨ خەڵک دەنگیان پێدا... بەڵام بارزانی هێشتا راپرسی بۆ سواڵی سیاسی و بەهێزکردنی پێگەی حزبەکەیەتی لەناو کایەی سیاسی نیودەوڵەتی و ناوچەیی و لۆکاڵیدا... بە کورتیەکەی هەردوو خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستان کەلەخرۆشانی ساڵی ١٩٩١ و لە ئێستاشدا (ئازادی و جیابوونەوەی کوردستان و پیکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆ)ن، ئەم دوو خواستە وەدی نەهاتوون و رێگری سەرەکی بۆ وەدی نەهاتنیان، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتین. بەتایبەییش هەردوو حزبی دەسەلات بەدەست. هاوڵاتیانی کوردستان وهەر حزب ولایەنێکی سیاسی و جدی کە بەکردەوە خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆی پشت بەستو بەبریاری ئازادانەو ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، پێویستە لەسەریان خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستان، بکەنە بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری و ئەم کەیسە بە یەکجاری لەدەستی ئەحزبی دەسەلات بەدەستی سازشکار بۆ سات و سەودا دەربهێنن و زامنی ئازادی وژیانێکی تەسەل لەولاتێکی سەربەخۆی سەردەمیدا، بۆ هاولاتیانی دەستبەر بکەن... خۆ ئەگەر دەسەلاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بەویستی وخۆی ئەوکاتەی ئەوان بیانەوێ ولەسەر دەستی ئەوان کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوا هەمان چارەنوسی نەداری و برسێتی و گرانی و سەرکوتی ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و بێئیرادەکردنی هاوڵاتیان، دەبێتە بەش و مافی دانیشتوان، لەوڵاتی سەربەخۆی ژیر سایەی دەسەلاتی بۆژوازی خۆماڵیدا...

## پاشماوەی.. بۆچی هاوڵاتییەکی بەریتانی دەبێتە تیرۆریست؟

ئیسلامی توندڕەویان دەردەکرد و کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە پەنابەرانی نیشتەجێ بوو ناونوس بکەن بۆ شەڕی ئەفغانستان و لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپیەوە کارئاسانیان بۆ دەکرا. هاوکات دەستی سعودیە ئاواڵاکرا تا لەناو ئەم کۆمینیتیانەدا لە ڕێگەی کردنەوەی مزگەوت و مەدرەسەی دینیەوە منالان و گەنجان بۆ جیهاد و خزمەتی پەرەپێدانی ئیسلامیزم ئامادەبکا.

بێگومان لە ئێستادا کە ئیسلامی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی دەسەلات دەکا ، ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەرەیەکی شەڕ و فشارهێنانێتی کە لەڕێگەی تیرۆرەوە بەرنامەی خۆی تێدا دەباتە پێش. دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیشیان بە پیادەکردنی سیاسەتی ئیمپریالیستانە ودەستدرێژی و شەڕی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەمینەی زیاتریان بۆ ئیسلامی سیاسی خۆش کردوە کە لەناوکۆمینیتیە ڕۆژهەڵاتیەکانی ئەم وڵاتانەدا گەشەبکا. بەتایبەت ئەم نەوە تازەیەی جالیەی ڕۆژهەڵاتی لە ئەوروپا بەهۆی ئەو قەیرانە ئابورییەی ئێستاوە هەرچی زیاتر بێکار و بێئومێد بووە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەرچی زیاترە ئیسلامی سیاسی بتوانێت لەمە هێز وەربگرێت.

ڕوداوی خالد مسعود جارێکی تر پێمان دەڵێ حکومەتەکانی ڕۆژئاوا پێویستی بە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لابردنی دوو دنیابونی کۆمەڵگە و کۆمینیتیەکان و لابردنی سیاسەتی ڕێژەیی کەلتوری و سیاسەتی ئیمپریالیستی شەڕ و دەستدرێژی ئێستایەتی. لەهەمان کاتدا ئەم ڕوداوە تیرۆریستیە ڕوبەڕوبونەوەی ئیسلامی سیاسی و شکست پێهێنانی بەرنامە کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانیەکانی نەک تەنیا بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو بۆ سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی جیهان کردۆتە پێویستیەکی چارەنوساز. نمونەی "ئەدریان ئەنجو" پێمان دەڵێ چیتر تیرۆریزمی ئیسلامی خەتەرێکی دزەکردوی دەرەکی نیە بەڵکو خەتەری ناوخۆی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایە و چارەسەری لەدڵی هەلومەرج و کێشەکانی خودی ئەم کۆمەڵگەیانەدایە.

# کۆبوونەوەی جنێفی پێنج و ئاستەنگیەکانی ئەمریکا لە سوریا!



نوسینی:
**نوری بەشیر**

کۆبوونەوەی جنێفی پێنج کە قەرابوو ٢٣ مارس دەست پێبکات لەجنێف، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی ستیفان دیمستۆرای نوێنەری نەتەوەتە گرتووەکان بۆ کێشەی سوریا، کەلە ٢١مانگدا سەردانی سعودیەی کردو لەوێوە بۆ روسیاو دوایی بۆ تورکیا بۆ قسەکەردن لەسەر وەزعی سوریا و ئامادەکاری بۆ بردنە پێشەوەی پرۆسەی بەرنامە چوار خاڵیەکەییان بۆ کێشەی ئێستای سوریا دواکەت و ٢٤ ی نیسان دەستی بەکارەکانی کرد.
رۆژی یەکەم کۆبوونەوەکە، رەمزی عیزەالدین جێگری نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا، وەفدی دەوڵەتی سوریا بەسەرپەرشتی بەشار جەعفەری و وەفدی ئۆپۆزسیۆن بەسەرپەرشتی نەسر حەریری لەهەیئەتی باڵای ئۆپۆسیۆن لە ٢٤ مانگدا بینی و دەستیان بەکارەکانی دەورەی پێنجەمی جنێف کرد و قەرارە ئەم کۆبوونەوانە تا ١ی نیسانی مانگی داهاتوو ئیدامە بەکارەکانی بدات.
ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە ماوەیەکی کەم بەسەر چوارەمین کۆبونەوەی جنێف دا تێدەپەڕێت کە لەشوباتی ئەم ساڵدا بەسترا و ماوەیەکیش پێشتر کۆبوونەوەی ئاستانە بەسەرپەرشتی روسیا سازدارا، ئەم کۆبوونەوەیەش لەدرێژەی کارە تەواو نەکراوەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا دەڕواتە پێشەوە.
ئەوەی بەرچاوەکە پێش کۆبوونەکەوەکەو هاوکاتی کۆبوونەوەکە بەجیا لەدانیشتنەکانی ئەمریکاو روسیا هەر لایەنە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەهێزە بەشداربووەکانی کۆبوونوەی جنێفی ٥ و وڵاتانی ناوچەکە کۆبوونەوەیان ئەنجاومداوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەپێچەوانەی کۆبونەوەکانی پێشووی جنێف و ئەستانە، هەنگاوێک لەو بەرنامانەی کەدایاننناوە بۆ ناوچەکە کە سوریا دەروازیەکە بۆ کێشەکانی تریش بچێتە پێشەوە.
ئەگەر کورتەیەک لەسەر کارەکان و بەرنامەو جەلسەکانی ئامادکاران بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بخەینە روو دەبینین کەجیا لەکێشەو ئاستەنگیەک بۆ ئەمریکا و هەتا بۆ روسیاش لەئارادایە، ئەوا دەبینین جێگاورێگای خەڵک لەرێکەوتنی ئەم لایەنانەدا شوێنی نیەو تەنیا بەشوێن بەرنامەیەکەوەن کەخۆیان و بەرژەوەندی خۆیان بباتە پێشەوە بەڵام لەژێر تایتڵی چارەسەری وەزعی سوریا و لەناوبردنی تیرۆردا خۆیان یەکدەست دەکەن.
ئەوەی لێرەدا جێی گرنگیە ئەوەیە، لە چ هەولومەرجێکدا کۆبوونەوەی جنێفی ٥ بەسەرپەرشتی نەتەوەتە گرتووەکان دەبەسترێت؟، وە سیاسەتێک هەریەک لە ئەمریکاو روسیا لەژێر ناوی چارەسەری کێشەی سوریا و سیاسەتی دژی تیرۆر کەئێستا دەسەڵاتی بەشار ئەسەدو ئۆپۆزسیۆنی سوریایان لەدەوری هەڵخراندووە بە بەشوێن چیەوەن؟.
کۆبوونەوەی ئێستای جنێف لەکاتێکدا دەسەڵاتی زاڵی سەرمایە بەسەر بازاڕی کاردا، بەڵام هاوبەرژەوەندی و یەکدەستن لەبەرابەر بە کرێکاران و زۆربەری زۆری کۆمەڵگادا. هەر بۆیە کۆبونەوەکانی ئاستانە و جنێف ناتوانن لەدەرەوەی ئەو هەلومەرجە بێت و ناتوانێت چوارچێوەیەک نەبێت بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتی ئەمریکاو روسیاو هاوپەیمانەکانیان.
هەربەو دەلیلانە بەرووکەش کۆبوونەوەی جنێف شوێنی کۆتاییهێنانە بەکێشەکانی سوریا، لەناوەرۆکدا شوێنی رێکەوتن و سازانە بۆ کێشەکانی هەردوو هێزی جیهانی ئەمریکاو روسیا و هاوپەیمانەکانیان بۆ سازدانەوەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی و کۆبوونەوەکانی ئاستانە، هەموویان لەدەوری هەمان سیاسەت چەق دەبەستێ کەلەکوێدا بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکان لەلایەک و روسیاو هاپەیمانانی دەباتە پیشەوە. ئەم کۆبوونەوەیەی ئێستای جنێفیش ناتوانێت شتێکی زیاتر لەڕاستای چارەسەری کێشەی سوریادا بەرێتە پێشەوە بەهۆی ئەوەی چەند تەرحیک لەرێگای دیمستۆراوە خرابووە بەردەم جنێفی ٤ بەڵام بەهۆی ئەوەی کە جێگاو رێگایەک کەشکستی ئەمریکای لەسوریا و عێراقدا لەخۆی گرتبوو، تەوازنی هێزی بەقازانجی روسیا لە سوریا وناوچەکەدا



گۆڕیبووە، ئاڵوگۆڕێک لەتەوازنی هێزی وڵاتانی ناوچەکەدا بەوجود هاتبوو، نەتوانرا هەموو لایەنەکان یەک دەست بکرێت بۆ ئەو تەرحانەی ئەمریکا یان وڵاتانی ناوچەکەی هاوپەیمانی هەردوولای لەسەر رێکخەن، بۆیە بەناچار لەم کۆبونەوەی پێنجەدا زیاتر ئەمریکا بۆ رۆشتنە پێشەوەی پرۆژەکەی کە لەجنێفی پێشودا ئەنجام نەدراو نەچووە پێشەوە، بەناچار لەم کۆبوونەوەشدا دووبارەی کاتەوەو ئەمریکا سەردانی هەریەک لەوڵاتەکان بەجیا بکات و رووی داواکاری بکاتە روسیاو، بەتایبەت لەسەر کۆبوونەوەکانی ئاستانە کەبەسەرپەرشتی روسیاو رێکەوتنی سێ لایەنی روسیا، ئێران و تورکیا دەچووە پێشەوە کەخاڵی نبەڕەتی تێیدا کارکردنە لەسەر ئاگربەستی نێوان هێزەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پرۆ ئەمریکی و روسیا. هەر بۆیە هەوڵەکانی ئێستای دیمستۆرا خۆشبین نابینرێت بەسەرکەوتن بگات، تەنها هەوڵدانێکە لە راستای ئامادەکردنی زیاتری لایەنەکان بۆ دەورەی داهاتوو. بۆیە زیاتر داواکارە لە لایەنەکانی کۆبوونەوەی ئاستانە لەهەوڵی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیاندا بن بۆ وەستانی عەمەلی ئاگر بەس و لەوێوە رێکەوتی هەموو لایەنەکان لەسەر پڕۆژە ٤ خاڵیەکەی دیموسترا کە لە؛ شێوەی دەسەڵات، ئاڵوگۆڕی دەستور. هەڵبژاردن و لەناوبردنی تیرۆر، بڕواتە پێشەوە کەئەمە کۆبوونەوەی تریش بەدوای خۆیدا دێنێ.
هەلومەرجی ئێستای سوریاو ناوچەکە لەبەردەم ئاڵوگۆردایە، بەتایبەت لەئایندەی نزیکدا هێزەکانی خەلافەتی ئیسلامی " داعش " لەناوچەکانی عێراق و سوریادا دەبێ هێزو دەسەڵات و کۆنترۆڵی ناوچەکان کە لەدەستیاندایە دەربێت، کێشەکە لێردایە ئەمە هەموو وەڵام کارەکە نیە بۆ ئەمریکاو روسیا، لەبەرئەوەی لەگەڵ هەلومەرجێکی تازەی دوای داعش لەناوچەکەدا بەرەو روو دەبنەوە، کەهەموو هێزە ناوچەییەکانیش خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن. بۆ ئەمریکاو روسیا ئەگەر زەمینەی هێمنترو گونجاوتر لەوەی کەئێستا هەیە لەناوچەکەدا ساز نەکەن ئەوە دەرگیری کێشەی زیاتر دەبنەوەو هەلومەرجی پێشوو چۆن بەسەر ئەمریکا شکایەوە بەهەمان شێوە روسیاش دەرگیری دەبێت.
رۆشنە بەدوای ئەوەی هێزەکانی بەشار ئەسەد بەهاوکاری تورکیا، ئێران، حزبوڵای لوبنانی و بەسەرپەرشتی روسیا، دەستیان بەسەر هەموو حەڵەبدا گرت، تەوازنی هێز نەک تەنیا لە سوریا بەڵکو لەناوچەکەشدا لەبەرژەوەندی روسیا و هەم دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لەسوریا چووە سەرەوە، بۆ ئەمەش هێزەکانی دەسەڵاتی بەشار لەکۆبوونەوەکانی ئەستانەو هەم لەجنێفی ٤ و کۆبوونەوەی ئێستای جنێف دا پێداگری زیاتر لەپرۆسەی رێکەوتن دەکەن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، وە دەسەڵاتەکەی ئەسەد هەرەک ئەمریکاو روسیا خۆی دەکات بەهێزی دژی تیرۆرو تاکید کردنەوە لەوەی ئەبێ تیرۆر لەناو ببرێ، بەمەش نزیکایەتی خۆی لەئەمریکا نیشاندەدات. بۆ ئۆپۆزسیۆن لەمەوقعیەتی زەعیفتر خۆی دەبینێ و بۆ پرۆسەی رێکەوتن شەرتێکی دەبەسترێت، دنیا لەسایەی سەرمایەداری و دەوڵەت و دەسەڵاتە بۆرژوازیە قەومی و ئیسلامیەکاندا، دنیا لەژێر باڵا دەستی زلهێزی ئەمریکاو روسیادا، دەرگیری ئەزمەیەکی سیاسی و ئابووری گەورەیە کەیەخەی سەرتاپا نیزامی سەرمایەداری داگرتووەو خەریکی شکاندنەوەین بەسەر کرێکاران و زۆربەی بێبەشانی کۆمەڵگادا، بەداسەپاندنی شەڕ، کوشتار، گرانی، بێکاریی، برسێتی و ئاوارەیی روخساری زۆربەی کۆمەڵگای لەجیهاندا داگیرکردووە. جێگاو رێگای دەوڵەتان و حزبەکان و هێزە سیاسیەکان و تا دەگاتە قوتبە جیهانیەکان و دنیای یەک قوتبی بەمانای دەسەڵاتی تاکی سەرمایەداری و زلهێزی ئەمریکا بەسەر دنیادا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوو، روسیا وەک هێزێکی گەورەی سەرمایەداری لەبەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا جێگای گرتووەو لەگەڵ هەر ناکۆکی و کێشەیەکی لەگەڵ ئەمریکاو غەربدا وەکو کەناوچەیەکی ئەزمە گرتووە لەشەڕو کوشتارو ئاوارەیی و کاولکاری، لەهەژاری و بێمافی سەرەتایی کرێکاران و زۆربەی کۆمەڵگا، جێگایەکی ئەزمەگرتووە کەتێدا ئیسلامی سیاسی بەدەسەڵاتدارێتی حکومەتە ئیسلامی و قەومیەکانەوە، هێزی سەر کوتی مەدەنیەتی کۆمەڵگاو مافە سەرەتاییەکانی ئینسانن، کەئەمریکاو غەرب و روسیاش، هیچ ئەلەتەرناتیفێکیان نەک بۆ کۆتاییهێنان بۆ ئەو هەلومەرجە مەرگ بارە لە بەژەوەندی خەڵک پێ نیە، بەڵکو لەدەوری رێگاچارەیەک دەگەڕێن کە وەڵام بە ئەزمەیەک بداتەوە کەلە ٢٠٠٨ وە یەخەی خۆیانی داگرتووە. لەبەرژەوەندی خۆیاندا هەوڵەکانیان چڕ دەکەن و دەبەنە پێشەوە، ئیتر گرنگ نیە موسڵ و یەمەن بۆتە حەڵەبێکی ترو لەچرکەیەکدا سەدان لەژن و منداڵ و پیر دەبنە قوربانی موشەکی خۆیان یان قوربانی سیاسەتی ئیسلامی و بەتایبەتی سیاسەتی ئیسلامی داعش.
چوار کۆبوونەوەی جنێف و دەیان

کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!
بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی..بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژوورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...
بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزاییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..
www.bopehsawa.net / ماڵپەری بۆپێشەوە / bopeshawa@gmail.com

## درێژەی .....کۆبوونەوەی جنێفی پێنج و ئاستەنگیەکانی ئەمریکا لە سوریا!

ئەوتۆی نەماوە لەبەرامبەر بەشداری هێزەکانی بەشار ئەسەد بۆ پرۆسەی دەورەی راگواستنی حوکم واتە دەورەی ئینتقالی، بۆ ئەمریکاش مەرجی نەبوونی بەشار ئەسەد لەدەستوری رێکەوتن دەرکێشراوە.
بەڵام هێشتا هەموو ئەمانە نە بۆ دەسەڵاتی بەشارو نەبۆ ئۆپۆزسیۆن و هەتا بۆ ئەمریکاو روسیا کافی نیە، ئەوە بوو ستیفان دیمستۆرا بۆ ئامادەکاری لایەنەکان سەردانی سعودیە، روسیا، تورکیا دەکات و هەم لەکۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی عەرەبی لە ئەردەن بەشداری دەکات، روسیاش لایەنەکانی بەشداری کۆبوونەوەی جنێف دەبینێت، بۆ تاوتوێکردنی زیاتری وەزعی سوریا و رێکەوتنی پشتەوەیی لەگەڵیاندا بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان لە جنێفی ٥ دا. کە پێشتریش لەم بارانەوە لە کۆبوونەوەکانی ئاستانەو جنێف قسەوباسیان لەسەر کراوە و هەم لەگەڵ سەرانی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیەو قەتەرو ئەردەن، کە راستەوخۆ دەخالەتیان لە وەزعی سوریادا هەیە. قەرارە لەم پەیوەندەدا ٣١ی مارس رێکس تلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی تورکیا بکات و ئۆردۆغان ببینێت لەسەر وەزعی سوریا بەتایبەت کەتورکیا راستەوخۆ دەخالەتی لەسوریا هەیەو هاوکاری داعش و دەستەجاتی ئیسلامی تر دەکات و بەرژەوەندی بەرچاوی لەهەلومەرجی ئاڵۆزی سوریا و عێراقدا هەیە، وە بەئاشکرا دژی هێزە کوردیەکانە کەئێستا هەم ئەمریکاو هەم روسیا حسابیان لەسەر دەکەن.
لەولاشەوە روسیا و پەیوەندیەکانی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران پێشڕەوی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، وە دانیشتنی پۆتین ورۆحانی و ژمارەیەک لەسەرانی هەردوولا پێکەوەو ئاڵوگۆڕی پەیوەندیەکان و بەرژەوەندیەکانیان وە خستنە ئیختیاری فرۆکەخانەی ئێران بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی روسیا جێگای روسیا وئێران نیشاندەدات بۆ کارکردن لەسەر چارەسەری کێشەکانی سوریاو دەخالەت لەناوچەکەدا لەبەژەوەندی خۆیان. بۆ ئەمریکاش بەهەمانشت لەلایەک رێکەوتنی لەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانی خۆی و دڵڕازیکردنیان و لەلایەکی ترەوە سازان لەگەڵ روسیا لەسەرئاستی ناوچەکەدا کەسوریا مەیدانی کارەکەیانە، جێگای لاوازی ئەمریکا دەردەخات، کە بۆخی هاتنی ترەمب نیشانەی جێگاو رێگای ئەمریکایە لەجیهاندا بەلاوازی.
جنێفی ٥ و لایەنەکانی بەشداری، جیا لەو هێزە ئیسلامیانەی داعش و چەند لایەنی تری ئیسلامی کە بەشدار نین و بەردەوامن لەسەر شەڕ بۆ نەچوونە پێشەوەی بەرنامەکانی ئەمریکاو روسیا لەسوریا و ناوچەکەدا، هەموو لایەنەکانی تر بەدەوڵەتی بەشار ئەسەدیشەوە لەبەرامبەر هەلومەرجێکی سەختی سوریا و ناوچەکەدا کەئاسۆیەکی رۆشنیان نیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان کەقورسایی لەسەر هەموویان داناوە، لەگەڵ پرۆسەکەدا دەڕۆن بەپێی جێگاو رێگایەک لە نزیکایەتیان لەسیاسەتی ئەمریکاو روسیا هەیانە. وە هەریەک لەئەمریکاو روسیا، بەجیا لەدانیشتنەکانیان و رێکەوتنێک لەسەر شێوەی بردنە پێشەوەی کوبوونەوەی جنێفی ٥ لەسەر وەستانی شەڕو دژی تیرۆر، هەر یەکەیان خەریکی رێکەوتنن لەئاستی ناوچەکە و هێزگرتنی زیاتر و هەتا دانانی بنکەی سەربازی و هێز ناردن بۆ سوریا و عێراق، بۆ ئەمەش هەر لایەکیان لەگەڵ هێزە کوردیەکانی سوریادا کەهێزگەلێکن زیاترین پێشڕەویان نواندووە لەدژی داعش، ناتوانرێ حسابیان لەسەر نەکەن، بەڵام بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەیکەنە خاڵی شەرت وشروت لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە.
کۆبوونەوەی جنێفی ٥ بەهەمان شێوەی کۆبوونەوەکانی تر ئاستەنگی بۆ ئەمریکا هەیە، هەروەک بۆ روسیاش هەیەتی، کەپەیوەندی بەهەلومەرجی جیهانی و ناوچەییەوە هەیە، پەیوەندی بەشکستی سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە لە عێراق، سوریا، ئەفغانستان، لیبیاو یەمەندا، ئەمەش پەیوەندی بەئەزمەیەکی سیاسی و ئابوریەوە گەورەوە هەیە کە یەخەی گرتووە، کەناتوانێت بەپێی دڵی خۆی هەلومەرجەکە بچێتە پێشەوە.
هەربۆیە هەلومەرجێک چۆن هەیە لەسوریاو ناوچەکەدا کەهەناسەی لەخەڵکی کرێکارو زۆربەی مەحرومانی کۆمەڵگا بڕیووە، بەڵام نەیتوانیووە بۆرژوازی یەکدەست بکات بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتی خۆی کەسەرمایەداری جیهانی دەیەوێت، وە بەدڵیکی دیارو گونجاویان بۆ ئیستیقراری ناوچەکەو جۆرێک لەدەسەڵات کەوەڵامدەرەوە بێت نیە. هاوکات ماهیەتی هەموو هێزەکان لەئەمریکاو روسیاو بەرەکانی شەڕی بەجیهانی و ناوچەیی و مەحەلیەوە لەبەرامبەر رقووتووڕەیی زۆربەی هێزی خەڵکی کرێکار و مەحرومانی کۆمەڵگادا راگرتووە، ئەگەرچی ئەم هێزە پەرشوبڵاو نارێکخراوە، بەڵام ناڕازی و تەنیا هێزی ئاڵوگۆڕە لەبەرژەوەندی زۆربەی کۆمەڵگادا. تەنیا ئەو هێزە چینایەتیە کەدەتوانێت لەحاڵەتی هوشیاری ورێکخراوبوونی و بوونی حزبی چینایەتی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەبەرژەوەندی زۆربەی زۆری کۆمەڵگادا بەوجود بێنێت، کە زەمینەکانیشی لەو هەلومەرجەدایەو مەوجودە، بۆیە دەوری کۆمۆنیزمێکی بەهێزی کرێکاری و مەیدانداری دەوێ کە وەڵامدەرەوە بێت، کەدەتوانێت ئەزمەیەکی جیهانی هەیە بەسەری سەرمایەداری و دەوڵەتەکانیدا بشکێنێتەوە، مەرگەساتەکانی کۆمەڵگا بۆ هەمیشە لەناو بەرێت.

٢٩ نیشانی ٢٠١٧

## پاشماوەی.. خەڵکی کەرکوک لە ناو بەرداشتی شەرە ئاڵا و

خەڵکە بەوە سەرمەست دەکات کە مافە بەتاڵانبراوەکانی لە سکی بەشێکی دیکە لە هەمان خەڵکی مافخوراو دایە. لە کاتێکدا مافی هەموان لەلایەن بۆرژوا ناسیۆنالیستە کورد و عەرەب و تورکەکانەوە تاڵانکراوە.
دانیشتوانی ئەم شارە پێویستە رێگە نەدەن کە ئەفیونی قەومی بەرچاویان تاریک بکات و نەکەونە بۆسەی ئەم هێزە ناسیۆنالیستانەوە. ئەوان ناسنامەی قەومی و ئاڵا و سیمبولە قەومیەکان بۆ پەرەدان بە ناکۆکی قەومی بەرجەستە دەکەن تا بەم جۆرە بەشی زیاتر لە سامان و دەسەڵات بۆ خۆیان بپچڕین. بەپێچەوانەی سیاسەت و هەنگاوەکانی هەموو لایەنەکانی ئەم کێشانەوە، پرەنسیپی پێکەوە ژیان و هاوچارەنوسی خەڵکی ئەم شارە و ئاسودەیی بۆ هەموان، حوکم دەکات کە هەرجۆرە سیمبولێکی قەومی و مەزهەبی و تەفرەقە ئامێز تورهەڵبدرێن و لە دام و دەزگا فەرمیەکاندا قەدەغە بکرێن. لە جیاتی ئەوانە ئەو سیمبولانە بۆ ئەم شارە پێویستن کە ئاماژەن بە هاوچارەنوسی و هاوپشتی خەڵکەکەی. دانیشتوانی ئەم شارە پێویستە هوشیار و هەستیار بن و نەکەونە کەمینی ناسیۆنالیستە تاڵانچی و کۆنەپەرستەکانی کورد و عەرەب و تورکەوە.

## پاشماوەی .. لەگەڵ هاتنە ئارای کەشی جەنگی نێوان پارتی و پەکەکە، ......

ترتان کە لەمێژوودا بۆ ئەم گەلەتان خولقاندووە. هەر لەم روانگەیەوە داوادەکەین سنورێک بۆ پاراستنی کەسێتی تاکی کورد دابنێن و چیتر لەژێر ناوی قەومیەت و بەبیانووی...
خاک و نیشتیمان پارێزییەوە، ماڵی خەڵک وێران مەکەن"
هاوکات لەدەرەوەی وڵاتیش کەمپەینێک کە بەبانگەوازێک بۆ کودانی بەریتانیا دەست پێدەکات هاتووە" شەرێکی سەختی نارەوا دژ بە شەنگال و هەموو کورد بەرێوەیە... شەرێکە وەکو سەرپای شەرە نارەواکانی دیکەی مێژوو تۆماری کردوون. لەبەرژەوەندی کەسمان نییە، جگە لە بازرگانانی جەنگ و حکومەتەکانی ناوچەکەو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو زلهێزەکانی دیکەو کارگەکانی دیکەی دروستکردنی تەقەمەنی. شەرێکە برسێتی و نەهامەتی و کۆچکردن و وێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێ"... دژ بەجەنگ وەرێدەخەن. هۆکاری دەستبردن و کەمپەین وەرێخستن بۆ ئەو راستیە سەلماوە دەگەرێتەوە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەکاتی قوڵبونەوەی ناکۆکیەکانیان و رادەستکردنی ئیرادەی سیاسی و رێکخراوەییان بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ناتوانن دەست بۆچەک نەبەن و چەک و پشتیوانی ئیقلیمی نەکەنە رێگایەک بۆ جەنگی دەسەڵات و یەکلایی کردنەوەی جەنگی بەوەکالەتیان بۆ وڵاتانی چنگ بەخوێنی ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانیان. بۆیە پێویستە ئەم کەمپەینانە فراوان و گەورە بکرێنەوە، تا گوشاریان زۆرتر و کاریگەرتربیت لەسەر ئەم هێزە سیاسیانە تا لەکاتی قوڵبونەوەی ململانێکانیان بژاردەی چەک وەلابنێن و پابەندی ئازادی هەڵسورانی سیاسی و گرتنەبەری رێگاچارەی سارد بن.

## پاشماوەی.. دەنگۆی خۆ ناو نووسکردنی خەڵکی کوردستان لەحەشدی شەعبیدا، ...

سوننەکان" ناسیونالیزمی سوننە مەزهەب" لە ناو بازنەی دەسەڵاتدا پەراوێز خران و داعش وەکو دەرهاویشتەی ئەم ململانێیەی نێوان زلهێزەکان و هەردوو هیلالی سوننەو شیعە هاتە مەیدان و بوو بەمۆتەکە لە ناوچەکەدا. ئێستاش هەڕەشەکانی ئیدارەی تازەی ترامپ لەسەر ئێران و سەپاندنی سزای تازەیان بەسەر ئێراندا، مەترسیی ئاڵۆزیی و ململانێی زیاتریی لەناوچەکەدا زیاتر کردووە، ئێران بەهەموو شێوەیەک لەهەوڵی بەرگری و پارێزگاریی لە پێگەو مەوقیعیەت و بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆیدایە لەناوچەکەدا. ئێستا کوردستان لەمەترسیی ڕەمبازێن و بەریەککەوتنی خوێناویی هەردوو بەرەی کۆنەپەرەستانەی ناوچەکەدایە، هەبوونی دوانزە بنکەی سەربازیی تورکیا لە ناوچەکانی زاخۆو دەهۆکداو ناونووسکردنی عەرەبزمانەکانی دەشتی نەینەواو دیالە وەک پێشمەرگە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەداو هەروەها دروستکردنی لەشکریی ڕۆژ لەلایەن ئاکەپەو پارتییەوە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستانی سوریا، لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزێک بۆ حەمەی حاجی مەحموود لەناو یەکەکانی هەشتای پارتیداو لەبەرامبەریشدا دەنگۆی ناونووسکردنی خەڵکیش لەحەشدی شەعبیداو سەربارییی بوونی بەرفراوانیان لەناوچەکانی جەلەولاو دووزخورماتوو کەرکوکدا کە بەشێکە لە خۆئامادەکاریی هەردوو بەرەی ناوخۆیی و ناوچەیی... دروستکردنی حەشدی شەعبی لەکوردستان، دروستکردنی هەمان فەوج و لەشکرە سوکەکانی سەردەمی بەعسمان لەسەر دەستی مستەشارەکان بەبیردێنێتەوە، لەراستیدا هەمان دەوری دژە ئینسانی و خەڵکی دەگێڕن... پشتیوانی یەکێتی نیشتیمانی لەم هەوڵە، بەهەر بیانویەکەوە بێت چ بە بیانوی خۆ رادەستکردنی پارتی بۆ ناو سیاسەت و نەخشەی ئەردوغانی و چ بەو هۆیەوە خۆی لە قوتبی ئێرانی دەبینێەوە لەبەرامبەر بە راوەستانی پارتی لە قوتبی تورکیدا... ریسوایەکی تر دەخاتە، سەرخەرمانەی کردەوەو سیاسەتە دژە خەڵکیەکانی کوردستان. ئەگەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەر لەئیستاوە لەبەرامبەریدا نەوەستێتەوەو ئیرادەی ئازادانەو سەربەخۆی خۆیان نەهێنێتە مەیدان، ئەوا چارەنووسی خەڵکی کوردستان، چارەنوسێکی زۆر خراپترو تراژیدی چاوەروانی دەکات. بەبێ هاتنە مەیدانی خەڵک، هیچ کام لەلایەنەکانی بەرەی ململانێکان، دەست بەرداری بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی خۆیان نابن و و هیچ کامێکیشیان بۆ تەعقیبی بەرژەوەندیەکانیان، سڵ لە چارەنووسیی تراژیدیایی خەڵکی کوردستان ناکەنەوە.

## پاشماوەی ..دواستون / ئاوارەیی

بوون دەوڵەتداری بێبەشە. دوو دەسەڵاتی مافیایی و میلیشیایی و خوشخزمەت بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، لەرێگای زۆری چەک و سەرکوتەوە، دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن و لەرێگای برسی کردن و بە حزبی کردن و بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی هاوڵاتیان، کەسایەتی و شکۆی ئینسانیان تاکەکانی... کۆمەڵگە دەشکێنن و بێ ئیرادەیان دەکەن.
هێشتا سەرەتاییترین خواستی ئینسانی و سیاسی و ویستی ئازادی و خەونی سەربەخۆیی و... هەر خەون و خولیان و دەسەڵاتی سیاسی نەک هەر رێگری سەرەکی ئەم خواستانەیە، بەڵکو لەدژیانە و بەمەش نیشانی دەدەن کە خوازیاری هێشتنەوەی خەڵکن، لەچاوەروانی و دۆخی هەڵواسراو و ناجگیردا... هەرخۆشیان بە بەبیانووی، سەربەخۆنەبوونی نیشتیمان!! و بەدەوڵەت نەبوونەوە!! هەمیشە باسی هەرەشەی دەرەکی لەسەر کوردستان دەکەن و بەم بیانوەش دەیانەوێت تورەیی و نەفرەتی خەڵکی کوردستان، پشووپێبدن و لە ژێر ناوی بوونی هەڕەشەی دەرەکییەوە، چاوترسێنیان بکەن. دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە ئاوارەیی و جیابوونەوەی بەکردەوەی کوردستاندا، هێشتا دەسەڵات و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، پابەندبوونی خۆیان بە فیدرالیزمی درۆینەی قەومیەوە رادەگەیەنن و کێشەو ململانێیان لەگەڵ بەغدا، لەسەر بەشی بودجەو پۆستە... پرسی سەربەخۆیی کوردستانیشیان کردۆتە کارتێکی گوشار، کە زۆرتر لە بەهاراندا، بەهاری خولقیان تیا دەبزوێت و بانگەشەی دەکەن.
مافی دواکەوتوو وە رەوای خەڵکی کوردستانە... کە دوای دوو دەهەو نیو لە دەسەڵاتدارێتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ریزەکانیان یەک بخەن و خۆیان بۆ رووبەرووبونەوەی فراوانی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و میلیشیایی و نۆکەرە بە وڵاتانی ناوچەکە، ئامادەبکەن و لەدەوری ئاسۆی رزگاری بەخشی ئینسانی و سۆسیالیستی، وەڵامی کارسازی یەکجاری بە دۆخی مۆلەق و ئاوارە ئاسایی کۆمەڵگای کوردستان بدەنەوە لە رێگای هاتنە مەیدان بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی سەردەمی و پشت بەستوو بە ئیرادەی سەربەخۆی ئازادانەی هاوڵاتیانی. گومانی تیا نییە بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەو دنیا، دەبنە پشتیوانی بزوتنەوەی رەواو پێشکەوتنخوازانەی کوردستان. هەر ئەمەشە دەتوانێ دەستی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان کۆتا بکات و کارتی سەربەخۆیی نیشتیمانی و درۆی خەباتسازی بۆ دەوڵەت سازیان لەدەست دەربهێنرێت...

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
نوری بەشیر، خەسرەو سایە، ئاسۆ کەمال، سالار ئەکرەم، تاهیر عیسا، لاوژە جەواد

پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 0737403392

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net





# بۆپێشەوە Forward


FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


# مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل

## ناوی ئەو کتێبە ٧٩١ لاپەرەیەیە، کە لە مانگی جەنیوەری ئەمساڵدا لە دوو بەگدا لەچاپ دەرهات و بڵاوبوەتەوە.




کتێبی مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل لەنووسین و ئامادەکردنی ڕێبوار ئەحمەدە، کە لە دووبەرگی قەبارە مام ناوەندیدا، لایەنە سەرەکیەکانی مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی هاوچەخمان پێ دەناسێنێ... مێژوویەک کە لەساڵانی ٦٠ کانی سەدەی رابردووەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سەرەتای هەزارەی سێهەم. دیارە باسی مێژووی چەپ باسی مێژووی چەپی پرۆ ڕوسی و چینی یان ئەلبانی نییە، باسی مێژووی ئەو چەپە نییە کە گەشەی سەرمایەداری، پیشەسازیکردنی وڵات، سەربەخۆیی، دژی ئەمپریالیستی،... سەرچاوەی قەوارەگرتن و هاتنەمەیدانیان بووە. هەرچەندە کاریگەریەکانی ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەش لەسەر ئەم رەوتە مێژوویە نیشاندەدات،بەڵام مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل ناونیشان و باسی رەوتی سەرهەڵدان و قەوارەگرتنی مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمێکە کە سەرئەنجام خۆی لە هەموو جۆرەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوازی جیاکردووەتەوە. چەپ و کۆمۆنیزمێک کە سەرئەنجام بە ئیلهام وەرگرتن لە کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی مەنسوری حکمەت قەوارەی گرت. باسی گروپ و رەوت و ڕێکخراوە سیاسییە چەپ و کۆمۆنیست و کەسایەتیەکان و هەڵسوڕان و ڕوداو و ئاڵوگۆرەکانیان و باسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە، لە جغرافیایی سیاسی عێراق و کوردستاندا.

نووسەر بە سەلیقەیەکی ورد و بە بەرپرسیارێتیەکی گەورەو لەروانگەی کۆمۆنیزمی چینی کرێکارو ئایندەی دڵخوازی ئەم چینەوە، کە دنیایەکی خاڵی لەستەم و چەوساندنەوە و بێ مافییە، نەک تەنها لایەنە بەرجەستەو سەرەکیەکانی چەند دەهەی مێژووی ئەم چەپە دەخاتە بەردەمی خوێنەر، بەڵکە زوربەی هەرەزۆری کاراکتەرە بەشداربووەکان و سەرەکیەکانی ناو ئەو برگە مێژوویە، دەکاتەوە کاراکتەری باس و گێرانەوەکانی.

چونیەتی پێکهاتنی گروپ و ڕێکخراوە چەپەکان، چۆنیەتی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و چیانیەتیەکان کۆمەڵگا، هەر بەم پێیەش زەمینەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە و ئاڵوگۆڕەکانی و ئەو بەرامبەرکێ سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لەگەڵ رژێمی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد و پاشان دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد و رەوتگەلی ئیسلامی و کۆنەپەرستی ئیسلامی، ئەنجامیانداوە...تاد، بەشێوەیەکی رۆشن دەخاتە ڕوو. لایەنێکی گرنگی تر ئەوەیە نووسەر چۆن باسی نەخش و پێشرەویەکان دەکات، ئاواش راشکاوانە پەنجە دەخاتە سەر خاڵە لاواز و کەم و کوڕی و و ناکامیەکانی ئەم چەپ و کۆمۆنیزمە. لە گێرانەوەی ئەو مێژووەدا راستگۆیی لە گێرانەوە، فاکت نیشاندان وەکو بەڵگە، کاراکتەر بەشداری پێکردن وەکو شایەد حاڵی زیندوو، کۆمەڵگا و ئینسان وەکو بنەمای لێکدانەوە و گێرانەوە... ئەو میتۆدەیە کە نووسەر سەرکەوتوانە بەدەستیەوە گرتووە. مێژووی بەر لە هاتنەمەیدانی چەپ و پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و دوای ئەوە، دوو مێژووی جیان. بە هاتنە مەیدانی بەکردەوەی چەپ و کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، وەرچەرخانێکی بەرجەستە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا روودەدات. ئەم کتێبە باسی چۆنیەتی هاتنە مەیدانی ئەم چەپ و کۆمۆنیزمە بۆ ناو بەرامبەرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات. وە نیشانمان دەدات کە چۆن رەخنەی ریشەیی و شورشگێرانەی بەکردەوە لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و نەریتەکانی، بە هاتنە مەیدانی ئەم کۆمۆنیزمە دەست پێدەکات و پیرۆزییە دەستکرد و دروسکراوە دینی و قەومیەکان و رەمزەکانیان، دەداتە بەرەخنەی راشکاو.

لە کوردستانی عیراقدا تا ئەوکاتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد تاکە مەیداندارى ساحەی سیاسی بوو. بەسونەتیەوە بەشێوەی هەڵسوڕانیەوە، بە فەرهەنگ و کەلتورو شێوەی ململانییەوە، بەدروشم و بانگەشەکانیەوە، بە ڕابەری و... کە نوێنەرایەتی بزوتنەوە دواکەوتو و چینە داراکانی کوردستانی دەکرد. هاتنە مەیدانی ئەم چەپ و کۆمۆنیزمە، نەک ئەم هاوکێشەیەی هەڵگێڕایەوە، بەڵکو بە جەرائەتەوە پیرۆزیەکانی ناسیونالیزم و دینی دایە بەرەخنە. بۆ یەکەمین جار بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی لەبەرامبەر بزوتنەوە ژنانەکانی تردا، هێنایە مەیدان و بەدژی ژنکوژی لەژێر هەر بیانویەکدا بێت، وەستایەوە. ئەم کتێبە هەموو ئەو بەرامبەرکێ و نەبەردانەی چەپ و کۆمۆنیزم، دەگێڕێتەوە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە، لە کاتێکدا خەرمانەی کتێبی مێژووی بە درۆ نووسراو و دروستکراو، لەکوردستاندا، بەشێکە لە پیشەسازی مێژووسازی ساختە و پەردەدان بەسەر مێژووی ململانێی چینایەتی و شاردنەوەی بەرامبەرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتی... گرنگیەکی لەرادەبەدەری هەیە. لە رێگای پەیوەندیکردن بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە، دەتوانن ئەم کتێبە بە راستگۆیی نووسراوە، دەستبخەن...

# ئاوارەیی! دواستوون

ئەمرۆ ٢٦ ساڵ، بەسەر ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا تێپەردەبێت... ٢٦ ساڵ پێش ئەمرۆ، خەڵکی کوردستان بەگەورەو بچوکەوە. بەلاو و بەساڵاچوەوە. بە ژن و پیاو و مناڵ و بە تەندروست باش و نەخۆشەوە... لەبەرامبەر بە گەڕانەوەی هێزی تێکشکاو و لاوازی رژێمی بەعسی لە گۆنراودا، ئاوارەی ئێران و تورکیا و سوریا بوون. ئاوارەبوونێکی ملیۆنی، کە ترس لەهێزی قەسابی کراوی عێراق، بۆ قەسابی کردن، کۆرەوێکی وەرێخست، کە بیرچوونەوەی لەیادەوەری خەڵکی کوردستاندا، مەحاڵە. ترس بۆ خۆدەربازکردن، جێهیشتنی باوک و براو خوشک، نەخۆش و پەککەوتە، تا رادەی فەرمۆشکردنی جگەر گۆشەو فرێدانی... راستیەکی تاڵی ئەو تراژیدیایە ئینسانییە ملیۆنییە بوو. دیارە حزبەکانی دەسەڵات و کوردایەتی و سەرانیان، سەرباری ئەو هەموو چەک و هێزە چەکدارەی هەیان بوو، لەپێش خەڵکیەوە رایان کردو ئامادەنەبوون بەرەنگاریەک لەخۆیان نیشان بدەن و رووبەروی ئەو هێزە تیکشکاو و شەکەتەی بەعس ببنەوە. ئەمەش تاوانێکی نەبەخشراوە وەکو تاوانەکانی تریان لەبەرامبەر بەخەڵکی کوردستان. لەکاتێکدا هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی چ لە هەولێر و چ لەشاری سلیمانی بەو ئیمکانات کەمەی بەردەستیان، راوەستاویان لەبەرامبەر بە گەرانەوەی بەعس نیشاندا، کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەم ئازیزانە، گیانیان بەختکرد.

گومان لەوەدانییە، خەڵکی کوردستان لە ترسی دڕندەیی بەعس رایانکرد و رێگای ئاوارەییان هەڵبژارد، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆنە خەڵکێک مانگێک پێشتر هەڵسانی جەماوەری ئەنجام دابێت بەرامبەر بە رژێم و مانگێک دوای ئەوە، ناچارە لەبەرامبەر بەگەڕانەوەیدا رابکات؟ حزب و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی مانگێک پێشتر نەخشەی راپەرینیان!! دارشتبێ، چۆنە دوای مانگێک، لە پێش خەڵکیەوە، رادەکەن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەکرێ لەدڵی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، بیان دۆزینەوە.


راستی ئەوەیە، خرۆشانی خەڵکی کوردستان، بەرهەم و ئاکامی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بەرهەمی پێشرەوی حزب و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیی لەبەرامبەر بە رژێمدا نەبوو. بەرهەمی لاوازبوونی تێکچوونی هاوسەنگی هێزی بەعس لەبەرامبەر بە بزوتنەوەی دژی بەعسدا نەبوو. خرۆشان و هەڵسانی جەماوەری چ لە خواروی عێراق و چ لەکوردستان... ئاکامی تێکشکانی هێزەکانی بەعسە بەرامبەر بە جەنگخوازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، وە خۆشباوەربوونی خەڵکییە بە سیاسەتی جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. هەر ئەوەشە وادەکات خەڵکی خاوەنی هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆیی خۆی نەبێت و توانایەکی بۆ بەرگری نەبێت. حزب و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش، بەهەمان شێوە لەژێر چەتری جەنگ و ملهوری ئەمریکاو غەربدا، کۆببوونەوە و نەک خاوەنی ئیرادەی سیاسی خۆیان نەبوون، بەڵکو هەڵکورماو چاو لە رێگا بوون لە ئاکامی سەرکەوتنی ئەمریکاو وهاوپەیمانەکاندا، دەستیان بە بەشی دەسەڵات لەگەڵ بەعس بگات... هەر ئەم راستیەشە وا لەم هێزانە دەکات، لەناو جەرگەی مەرگەساتی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، خەریکی سات و سەودا بن لەگەڵ بەعس...

ئەمرۆ ٢٦ ساڵ، بەسەر ئەو مەرگەسات و تراژیدیا ئینسانیەدا، دەگوزەرێ. کەچی هێشتا خەڵکی کوردستان، لەهەلومەرج و دۆخی ئاوارەییدا، ژیانێکی سەخت بەرێدەکات و هێشتا مەترسی ئاوارەبوونی تر ئەگەری حاشاهەڵنەگرن.

دوی ٢٦ ساڵ هێشتا خەڵکی کوردستان، لەسیستەمی سیاسی یەکانگیر و سەراسەری، لە حکومەتداری و یاسای یەکسان و مافی هاوڵاتی


بۆ لاپەرە 9


# ڕۆبۆت، لەماوەی ١٥ ساڵدا، ١٠ ملیۆن کرێکار لەبەریتانیا بێکار دەکات!



ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دەنووسێ کە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کریکار لەبەردەم هەڕەشەی بێکارکردندان بەهۆکاری ئەوەی جێگەکانیان لەق دەبیت بەهۆی هاتنی ڕۆبۆتەوە لەماوەی ١٥ سالی داهاتوودا لەبەریتانیا. پێشبینی دەکرێ کە کرێکارانێک کە لە سوپەرمارکێت و بازارەکان و ئۆفیس و کارگەکاندا کاردەکەن بێکاربکرێن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە. شارەزایان دەڵێن کە ئەوکرێکارانەی کە زیاتر لەژێر مەترسی دەرکردندان، ئەوانەن کە لەمەیدانی گواستنەوە و خەزنکردن (عەمبارکردن) و فرۆشتن و بەرهەمهێنانی کارگەکان و بواری بەڕێوەبردن وخزمەتگوزاری یارمەتی وپشتگیریەکاندا کاردەکەن. بەپێی راپۆرتی کۆمپانیای گەورەی ژمێریاری (پی دەبلیو سی) نزیکەی ١٠ ملیۆن و٤٠٠ هەزار کەس بێکاردەکرێن کە دەکاتە لەسەدا ٣٠ کار وئیش لەبەریتانیا.

هەروەها گەشەسەندنی ئۆتۆمبیل ولۆری بێ شۆفێر ئەوە دەگەیەنێ کە کرێکارانی گواستنەوە لە مەترسییەکی گەورەدان وە دەوترێ کە ٩٥٠ هەزار کار لەم بوارەدا جێگرەوەیان دەبێت، کەدەکاتە لەسەدا ٥٦,٤ ی هێزی کار لەبەریتانیا. پێشبینی دەکرێ کە لەساڵی ٢٠٢٠ەوە ئۆتۆمبیلی بێ شۆفێر بکەوێتە سەرجادەکان لەبەریتانیا. کۆمپانیای (ئوبەر) کاردەکات لەسەر دروستکردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی بێ شۆفێر کە نیگەرانیەکی زۆری لەناو شۆفێرانی (ئوبەر) دا دروستکردوە.


بۆپێشەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.